# پیلان گێڕی دژی سوننەت
# (مێژوو و شێوازەکانی)

م.د.حسین محمد صالح رحیم
پسپۆڕی: مێژووی ئیسلام
زانکۆی هەڵەبجە/ ڕاگری کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت

## پوختەی توێژینەوە

هەر لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەری ئیسلام محمد (صل الله علیه وسلم)دژایەتی کردنی دەستی پێکرد و لە قۆناغە جیاوازەکانی بانگەوازی ئیسلامیدا خەڵکانی جیاواز و بە شێوازی جیاواز دژایەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەم باسی هەندێك لەو کەسانە بکەم کە چۆن و لە چ قۆناغێکدا دژایەتی ئاینی ئیسلامیان کردووە بە تایبەتی دژایەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و سوننەتەکەیان کردووە لەو کەسانەی کە باسی لێوە دەکەم سەرەتا کافرەکانی قورەیش و پاشان جولەکەکانی مەدینە و مونافیقەکان و پاشان مەجوس (ئاگر پەرستەکان) و شیعە و خۆرهەڵات ناسەکان، وە تیشك دەخەمە سەر سەرەتای ئەو تاقمەی کە بەلایەوە وایە سونەتەکانی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)پشتی پێ نابەسترێت لە تەشریعی ئیسلامیدا و تەنها پشت بە قورئان دەبەسترێت و مەترسی ئەو جۆرە بۆچونە دەخەمە ڕوو.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە ئەو پیلانانە ڕوندەکاتەوە کە دژ بە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و سونەتەکەی گێڕدراوە لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی بانگەواز و دەوڵەتی ئیسلامیدا.

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لەمڕۆدا زۆر بەگەرمی بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ڕەتبکرێتەوە و تەنها پشت بە قورئان ببەسترێت ئەو بیرۆکەیەش بە جۆرێك لە تازەگەری وەسف دەکرێت هەندێك خەڵکی پێ لە خشتە براوە بەڵام لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە ئەو جۆرە بیرۆکانە تازە نین و زۆر لە مێژە و بەچەند جۆرێك و لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژودا سەریان هەڵداوە و زانایانی ئیسلام قسەیان لە بارەوە کردووە بەرپەرچیان داونەتەوە.

وەهەروەها ئەوە دەردەخات کە ئیسلام بە بێ سوننەت واتە ئیسلام بەبێ پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)کە ئەوەش مەحاڵە.

ئەوەندەی من زانیاریم هەبێت توێژینەوەیەکی مێژوویی بەم شێوازە و بە زمانی کوردی نەکراوە و بۆیە زۆر گرنگە کە ڕەهەندی مێژوویی ئەم بابەتە ڕونبکرێتەوە.

ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی تەوەری پێنجەمی کۆنفراسەکەدایە.

## پێشەکی

پاش سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان وە داواکردنی درود و سەلام و ڕەحمەت بۆ پێغەمبەری سەردارمان محمد (صل الله علیه وسلم).

خوای گەورە قورئانی پیرۆزی بۆ پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ناردووە و کردوویەتی بە سەرچاوەی یەکەمی تەشریعی ئیسلامی و پێویستی کردووە لە سەر موسوڵمانان کە پابەند بن بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانییەوە و لەگەڵیشیا سوننەتەکانی پێغەمبەری (صل الله علیه وسلم) کردووە بە سەرچاوەی دووەمی تەشریعی ئیسلامی و پێویستی کردووە لەسەر موسوڵمانان بە وانیشەوە پابەند بن بۆ ئەوەی لە دونیاو قیامەتدا سەرکەوتوو و بەختەوەر بن خوای گەورە دەفەرموێت

(وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا) وە هەروەها دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ) وە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)دەفەرموێ ( أَلَا إِنِّي أُوتِيتُ الْقُرْآنَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ).

بەڵام لە درێژەی ئەو هەموو پیلانگێڕییەی کە دژ بە پێغەمبەری خوا (صل الله علیه وسلم)گێڕدرا هەر لە شاری مەککە و شاری مەدینە و لە دوای کۆچی دواییشی هەوڵ دان بوو بۆ ڕەتکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و هەژمار نەکردنی وەك سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی.

ئەم توێژینەوەیە باس لە مێژووی ئەو پیلانگێڕیانە دەکات کە دژ بە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و سوننەتەکەی گێڕدراون لەوانە مێژووی ڕەتکردنەوەی سوننەت و هەژمار نەکردنی وەك سەرچاوەی تەشریعی ئیسلامی.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لەمڕۆدا زۆر بەگەرمی بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ڕەتبکرێتەوە و تەنها پشت بە قورئان ببەسترێت ئەو بیرۆکەیەش بە جۆرێك لە تازەگەری وەسف دەکرێت هەندێك خەڵکی پێ لە خشتە براوە بەڵام لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە ئەو جۆرە بیرۆکانە تازە نین و زۆر لە مێژە و بەچەند جۆرێك و لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژودا سەریان هەڵداوە و زانایانی ئیسلام قسەیان لە بارەوە کردووە بەرپەرچیان داونەتەوە، وە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)خۆی هەواڵی لەبارەوە داوە و زانایانی پایە بەرزی ئەم ئوممەتە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ سەرهەڵدانیدا ڕەتیان کردۆتەوە پوچەڵی و بێبنەماییان ڕونکردۆتەوە.

ئەوەندەی من بزانم لە کتێبخانەی کوردیدا مێژووی ئەو پیلانگێڕیانە نەنوسراوە چی جای توێژینەوەیەك  بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە لە دەرخستنی سەرەتاکانی ئەو پیلانگێڕییە بۆ ئەوەی موسوڵمانان چەواشە نەکرێن و لە خشتە نەبرێن بەوەی کە شتێکی تازەیە و بەناوی نوێگەرییەوە نیشانی بدەن.

وە هەروەها ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەموو ئەو پیلانگێڕییە یەك لە دوای یەکانە زنجیرەیەکن و ئامانج لێیان ڕەتکردنەوەی ئاینی ئیسلامە بە قورئان و پێغەمبەریشەوە چونکە ناکرێت ئیسلام بە بێ پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)وە ئەوەی لەم پیلانگێڕیانەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای هاتنی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)هەتا ئەمڕۆ نەیارانی ئاینی ئیسلام بەردەوامن لە پیلانگێڕی و ماندوو نەبوون بۆ لە خشتە بردنی موسوڵمانان بە دروستکردنی گومان لە دڵی موسوڵمانان بۆ ئەوەی لە ئاینەکەیان دوور بکەونەوە.

ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە بریتییە لە ڕێبازی مێژوویی شیکاری بە جۆرێك کە لە ڕووی مێژووییەوە و بە قۆناغ بەندی مێژوو هەموو پیلانەکانی دژ بە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)دەخاتە ڕوو وە شیکاری ووتەی زانایان دەکات کە بەرپەرچی ئەو گومانانەیان داوەتەوە کە دژ بە سوننەت دروستکراون.

سروشتی توێژینەوەکە بەم جۆرەیە کە لە دوو بەش پێکهاتووە بەم جۆرە:

بەشی یەکەم: قۆناغەکانی پیلانگێڕی: ئەم بەشە لە دوو باس پێك دێت:

باسی یەکەم پیلانگێڕی لە مەککە.

باسی دووەم: پیلانگێڕی لە مەدینە

بەشی دووەم: پیلانگێڕی دژ بە ئیسلام: ئەم بەشە لە دوو باس بێکدێت:

باسی یەکەم: پیلانگێڕی دژ بە قورئان

باسی دووەم: پیلانگێڕی دژ بە سوننەت:

ئەم باسە لە دوو تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: ڕەتکردنەوەی سوننەت و حساب بۆ نەکردنی وەك سەرچاوەی یاسا دانان (تەشریـع):

تەوەری دووەم: تۆمەت بارکردنی گێڕەرەوەکانی فەرموده و ناشیرینکردنیان.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە چەند سەرچاوەیەکی مێژووییم بە کارهێناوە وە هەروەها چەند سەرچاوەیەکی فەرمودە و چەند سەرچاوەیەکی فقە کە لە پەراوێزی کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە.

لە پاشاندا کۆتاییم هێناوە بە توێژینەوەکە بە کۆتایی کە تیایدا چەند خاڵێکی گرنگم باسکردووە کە وەك دەرئەنجامی توێژینەکە هەژمار دەکرێت.

پاشان لیستی ئەو سەرچاوانەم نوسیوە کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارم هێناون.

**بەشی یەکەم: قۆناغەکانی پیلانگێڕی: ئەم بەشە لە دوو باس پێك دێت:**

## باسی یەکەم پیلانگێڕی لە مەککە.

دوای ئەوەی (محمدی کوڕی عبداللە) ڕاستگۆی دەسپاك لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو بە پێغەمبەر و پاشان بانگەوازەکەی بەفەرمانی خوای گەورە ئاشکرا کرد و پێی فەرموو (فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ)١ واتە: ئەی محمد (صل الله علیه وسلم)هەر فەرمانێکت پێدراوە بەرێك و پێکی ئەنجامی بدە و گوێ مەدە بە بوختان و ڕەفتاری موشریك و هاوبەش پەیداکەران.

وە هەروەها فەرمانی پێکرد و فەرمووی (وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ)٢ واتە: ئەی محمد (صل الله علیه وسلم)سەرەتا عەشرەت و تایەفە و کەسوکاری نزیکت بێدار بکەرەوە.

پێغەمبەری خواش (صل الله علیه وسلم)زۆر بە جوانی فەرمانی خوای جێبەجێ کرد و چووە سەر کێوی صەفا و خەڵکی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن کە پێغەمبەری خوایە٣

ئیتر لەو ساتەوە دژایەتی کردن و پیلانگێڕی لە دژی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)دەستی پێکرد و چەندین جۆر پیلانگێڕیان لە دژی گێڕا لەوانە:

ئەشکەنجە و ئازاردانی و دەرکردنی لە شاری مەککە بۆ دۆڵەکانی ئەبو تالیب و گەمارۆی ئابوری و دواجار پلان دانان بۆ کوشتنی و ناچارکردنی بە کۆچکردن٤.

هاوبەش پەیدا کەرەکانی مەککە درێغیان نەکرد لە پیلانگێڕی بەرامبەری بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکی ناشیرینی بکەن ئەو کەسەی کە لە ناویاندا ڕاستگۆی دەستپاك بوو تۆمەتی درۆزنی و جادوو گەری و ساحری و شێتیان خستە پاڵی ئەمانە هەمووی بۆ ئەوەی خەڵکی لێ دوور بخەنەوە و باوەڕی پێنەهێنن هەتا کار گەیشتە ئەوەی تۆمەتباری بکەن بەوەی کە ئەو قورئانەی دەیڵێت لە خۆیەوەیە و وەحی خوای پەروەردگار نییە، بۆ نمونە هەندێك لەو ئایەتانەی کە ئەو تۆمەتانە باس دەکات:

خوای گەورە دەفەرموێت:(وَعَجِبُوا أَنْ جَاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ)٥ واتە:بێ باوەڕان سەریان سوڕما لەوەی بێدارکەرەوەیەك لە خۆیان هاتووە بۆیان و وتیان: ئائەمە جادوگەرێکی زۆر درۆزنە.

وە هەروەها دەفەرموێت:

(وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاءُوا ظُلْمًا وَزُورًا (٤) وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا)٦ واتە: بێ باوەڕەکان وتیان ئەم قورئانە درۆیەك نەبێت کە محمد (صل الله علیه وسلم)خۆی هەڵیبەستووە شتێکی تر نییە کەسانی

تریش یارمەتیانداوە بەڕاستی ئەوانە (بەو گوفتارەیان) ستەم و بوختانێکی گەورە دەکەن و قسەیەکی نارەوایان کردووە، هەروەها وتییان ئەم قورئانە داستانی پێشینەکانە و داوای نوسینەوەیانی کردووە و بەیانیان و ئێواران بە سەریدا دەیخوێننەوە.

وە هەروەها دەفەرموێت:(وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا مَا هَذَا إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَنْ يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ وَقَالُوا مَا هَذَا إِلَّا إِفْكٌ مُفْتَرًى وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ)٧ واتە: جا ئەگەر ئایەتە ئاشکرا و ڕوونەکانی ئێمە بەسەریاندا بخوێنرێتەوە (بێ باوەڕان) وتیان:ئەمە کابرایەکە و دەیەوێت لە ڕێگەی باوانتان وێڵتان بکات، هەروەها وتیان: ئەمە شتێکی دەست هەڵبەست و هەڵبەستراوە، ئەوانەش کە بێ باوەڕن دەربارەی ئەو حەق و ڕاستییەی کە بۆیان هاتووە وتیان ئا ئەمە سیحر و جادوویەکی ئاشکرایە.

وە هەروەها دەفەرموێت:(وَقَالُوا يَا أَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ)٨ واتە: بێباوەڕان و خوا نەناسان بە گاڵتەوە بە پێغەمبەر یان (صل الله علیه وسلم)دەوت:ئەی ئەو کەسەی قورئانت دابەزێنراوەتە سەر بێگومان تۆ شێتی.

ئەمانە و چەندین ئایەتی تر کە ئەندازەی گەورەیی ئەو تۆمەت و پیلانگێڕیانە دەردەخات کە بێ باوەڕەکانی مەککە بەرامبەر پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ئەنجامیان دەدا، جگە لەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەی کە دژی هاوەڵە بەڕێزەکانی ئەنجامیان دەدا. ئیبن هیشام لەم بارەوە دەڵێ: (ثم إن قريشا اشتد أمرهم للشقاء الذي أصابهم في عداوة رسول الله (صل الله عليه وسلم)ومن أسلم معه منهم، فأغروا برسول الله (صل الله عليه وسلم): سفهاءهم، فكذبوه وآذوه، ورموه بالشعر والسحر والكهانة والجنون، ورسول الله (صل الله عليه وسلم)مظهر لأمر الله لا يستخفي به، مباد لهم بما يكرهون من عيب دينهم، واعتزال أوثانهم، وفراقه إياهم على كفرهم)٩. واتە: دوایی قورەیش زۆر بە سەر شێتانە و بە توندی کەوتنە دژایەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و ئەوانەشی کە باوڕیان پێهێنابوو، کاڵفامەکانیان لێ هاندا و بەدرۆیان زانی و ئازاریان دا، تۆمەتباریان کرد بە شیعر و سیحر و جادو و شێت بوون، وە پێغەمبەریش (صل الله علیه وسلم)ئاینی خوای بە ئاشکرا ڕادەگەیاند و نەی دەشاردەوە و نەنگی و کەم و کوڕی ئاینەکەیانی ئاشکرا دەکرد و ئەوەی ئەوان پێیان ناخۆش بوو، لە بتەکانیان خۆی بەدوور دەگرت و لە کوفر و بێباوەڕییەکانیشیان خۆی جیا دەکردەوە.

پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و هاوەڵەکانی ئارامیان گرت و لەبەرامبەر ئەو هەموو پیلانگێڕی و ئەشکەنجانەی کە توشیان هات و دەستیان بەدینەکەیانەوە گرت و بە هیچ جۆرێك سازشیان لەسەر نەکرد سور بوون لەسەری هەتا خوای گەورە ڕێگەی دان کۆچ بکەن بۆ شاری(یثرب).

## باسی دووەم: پیلانگێڕی لە مەدینە

دوای ئەوەی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)لە ساڵی (١٣) سیازدەی پێغەمبەرایەتی کۆچی کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە و لەوێ دەستی کرد بە بنیادنانی پایەکانی کۆمەڵگەیەکی تازە کە دادپەروەری تیایدا سەروەر بێت و مافی هەموو پێکهاتەکانی دانیشتوانی مەدینەی تیا پارێزراو بێت و موسوڵمانان تیایدا وەك برا پێکەوە بژین و بەیەکەوە لەگەڵ سەرجەم دانیشتوانەکەی تریدا کە جولەکەکان بوون وەکو هاوڵاتی شاری مەدینە بە یەکسانی بژین و ئەرك و مافیان لە هاوڵاتی بوون و پارێزگاری کردن لە شارەکەیان وەك یەك وابێ بۆ ئەم مەبەستە (صحيفة) یان (وثيقة) یەکی نوسی کە دواتر بە دەستوری مەدینە ناسرا١٠.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)دەیویست ژیانێکی شایستە بۆ دانیشتوانی شاری مەدینە فەراهەم بهێنێت بەپێی ئەو دەستورەی کە نوسییەوە لە نێوان موسوڵمانەکان و جولەکەکاندا و هەموشیان پێی ڕازی بوون بەڵام جولەکەکان و دووڕووەکان بەردەوام لە هەوڵی پیلانگێڕیدا بوون دژی پێغەمبەر و موسوڵمانەکان وە لەهەمان کاتدا هاوبەش پەیدا کەرەکانی قورەیشیش هەر لە هەوڵی پیلانگێڕی بەردەوامدا بوون و وازیان نەدەهێنا هەموویان - هاوبەش پەیدا کەرەکانی قورەیش، دووڕووەکانی مەدینە، جولەکەکان- لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەم دینە لەناوبەرن ئیتر بە تەنیا یاخود بە هاوپەیمانی لە نێوانیاندا بە هەموو شێوەیەك کە بۆیان گونجاو بوبێت درێغیان نەدەکرد هەندێك جاریش پیلانگێڕییەکانیان گەیشتووەتە ئەوەی هێرشی سەربازییان ئەنجامداوە بە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەر جارەو بە جۆرێك. نمونەی ئەو پیلانگێڕیانە زۆرە هەر لە جەنگی بەدرەوە هەتا سەرجەم جەنگەکانی تر و سەرجەم ئەو خیانەت و فێڵ و تەڵەکانەی کە لەبەرامبەری موسوڵماناندا دەیانگێڕا.

به تایبەتی جولەکەکان کە سەرسەخت ترین دوژمنی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و موسوڵمانانن چەند جارێك هەوڵی کوشتنی پێغەمبەریان (صل الله علیه وسلم)دا بۆ نمونە:

کاتێك پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)چو بۆ لای هۆزی (بەني نظیر) بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵدا بکات دەربارەی دییەی خوێنی ئەو دوو کوژراوە عامریەی کە بە هەڵەی عەمری کوڕی ئومەییە کوژرابوون و لە پەناگەی پێغەمبەردا بوون ئەمەش بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و جولەکەکاندا هەبوو دەربارەی بەشداری کردن لە کۆکردنەوەی دییەی کوژراودا ئەوان هاتنی پێغەمبەر یان (صل الله علیه وسلم)بۆ لایان بە هەل زانی و پیلانێکیان دانا کە لەسەربانەوە بەردێکی گەورە بخەنە خوارەوە بەسەر پێغەمبەردا (صل الله علیه وسلم)و بیکوژن.........١١ ئەم ڕوداوەش لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو بەپێی ڕاسترینی گێڕدراوەکان١٢.

جارێکی تر ئافرەتێکی جولەکەی خەیبەر مەڕێکی برژاوی ژەهراوی نارد بۆ پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ئیمامی موسلم بەڕێگاکەی خۆی دەیگێڕێتەوە لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە دەفەرموێت (عَنْ أَنَسٍ أَنَّ امْرَأَةً يَهُودِيَّةً أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (صل الله علیه وسلم)بِشَاةٍ مَسْمُومَةٍ فَأَكَلَ مِنْهَا فَجِيءَ بِهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صل الله علیه وسلم)فَسَأَلَهَا عَنْ ذَلِكَ فَقَالَتْ أَرَدْتُ لأَقْتُلَكَ. قَالَ ( مَا كَانَ اللَّهُ لِيُسَلِّطَكِ عَلَى ذَاكِ ). قَالَ أَوْ قَالَ ( عَلَىَّ ). قَالَ قَالُوا أَلاَ نَقْتُلُهَا قَالَ ( لاَ ). قَالَ فَمَا زِلْتُ أَعْرِفُهَا فِى لَهَوَاتِ رَسُولِ اللَّهِ (صل الله علیه وسلم))١٣.

بەم شێوەیە جولەکەکان چەند جارێك ویستویانە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)بکوژن هەتا لەم ڕێگایەوە ئاینی ئیسلام لەناو بەرن کە ئەم سیفەتی پێغەمبەر کوشتنە لە ناو جولەکەدا شتێکی نامۆنییە بەڵکو ئاساییە چونکە پێغەمبەرانی خۆیشیان کوشتووە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (..... ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ)١٤ واتە: ..... چونکە ئەوان (نەوەکانی ئیسرائیل . جولەکە .) بەڕاستی باوەڕیان نەدەکرد بەئایەتەکانی خوا و پێغەمبەرەکانیان بە ناحق دەکوشت ئەوەش بەهۆی ڕۆچونیانەوە لە یاخی بون و نافەرمانیداو هەمیشە دەستدرێژیان دەکرد.

**بەشی دووەم: پیلانگێڕی دژ بە ئیسلام: ئەم بەشە لە دوو باس بێکدێت:**

## باسی یەکەم: پیلانگێڕی دژ بە قورئان

قورئانی پیرۆز کتێبە نەمرەکەی خوای گەورەیە کە لەوکاتەوەی بۆ پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ی ناردووە بە زیندوویی دەمێنێتەوە هەتا ئەوکاتەی کۆتایی بە ژیانی سەر زەوی دێت بە فەرمانی خوای پەروەردگار وە هیچ ناحەق و نادروستی و ناتەواوییەك ڕووی تێناکات لە هیچ کاتێکدا و لە هیچ لایەکەوە، ڕەوانەکراو و نێردراوی زاتێکە کە خاوەنی حیکمەت و داناییە و شایانی سوپاس و ستایشە وەك دەفەرموێت: (لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ)١٥

وە خوای گەورە خۆی پەیمانی پاراستنی قورئانی داوە لە هەموو دەستکاری و شێواندنێك و بە زیندویی دەیهێڵێتەوە وەك دەفەرموێت (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)١٦ واتە: بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و بێگومان هەر ئێمەش پارێزگاری لێ دەکەین.

وە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)لە بارەی قورئانەوە دەفەرموێت: (کتاب الله فیه نبأ ما قبلکم, وخبر ما بعدکم، وحکم ما بینکم، هو الفصل لیس بالهزل، من ترکه من جبار قصمه الله، ومن ابتغی الهدی في غیره أضله الله، فهو حبل الله المتین، وهو الذکر الحکیم، وهو الصراط المستقیم........) واتە: (ئەم قورئانە کتێبی خودایە و باسی گەلانی پێش ئێوەی تێدایە و هەواڵی دوای خۆشتانی تێدایە و حوکمی نێوانتانیشی تێدایە و یەکلاکەرەوەیە و گاڵتەجاڕی نییە، هەر زۆردارێك وازی لێ بهێنێت و پشتی تێبکات خوا پشتی دەشکێنێت، وە هەرکەسێک بەدوای ڕێنمونییدا بگەڕێ جگە لە قورئان خوا سەری لێ دەشێوێنێت، پەتی بەهێزی خودایە - دەتان گەیەنێت بە خودا- یادخەرەوەیەکی زۆر دانایە و ڕێگەی ڕاستە .......... )

ئەمانە و چەندین ئایەت و فەرمودەی تر کە باس لە گەورەیی و بێ وێنەیی و بێ هاوتایی قورئان دەکات، بەڵام دوژمنانی ئیسلام بەردەوام هەوڵیان داوە کە لە قورئان بدەن و ڕەتی بکەنەوە و هەر لەوکاتەوەی کە هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم) ڕوو بەڕووی بونەوە و

دژایەتیان كرد و چەندەها تۆمەتیان بۆ دروست كرد بە شێوازی ناشیرین باسی قورئان و پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)یان دەكر كە لە بەشی یەكەمدا هەندێكیانمان نوسیوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیخەمە ڕوو ئەوانە كێبوون كە ئەم دژایەتیانەیان كردووە و بەپێی سەردەمی مێژوویی بە كورتی باسیان دەكەم لەوانە:

١. بێ باوەڕەكانی قورەیش:

گەورەكانی قورەیش بە هەموو هێز و تواناكانیانەوە و بە توند ترین شێوە ڕووبەڕووی ئەم ئاینە تازەیە بونەوە لەگەڵ ئەوەی كە ئەوان زۆر بە باشی پێغەمبەریان (صل الله علیه وسلم)دەناسی و متمانەیشیان پێی هەبوو كە ڕاستكۆیە لە هەموو بانگەشەیەك كە بیكات وە باشیش دەیانزانی ئەم ئاینە تازەیە لەلایەن خواوە بۆی هاتووە بەڵام بەهۆی لوت بەرزی و خۆبەزل زانینیانەوە باوەڕیان پێی نەهێنا و كەوتنە ئازار و ئەشكەنجەدانی خۆی و شوێنكەوتووەكانی.

قورئانی پیرۆز لە چەند شوێنێكدا وێنای ئەو نارەحەتییانە دەكات كە توشی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم) بوو بە هۆی دژایەتی كردنی بێباوەڕەكانەوە وەك دەفەرموێ

(قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ)١٧ واتە: بەڕاستی چاك دەزانین كە گوفتاری نادروستی خوا نەناسان غەمبارت دەكات بەڵام چاك بزانە كە بەڕاستی ئەوانە وەنەبێت تۆ بە درۆزن بزانن، بەڵكو ستەمكاران هەر دانانێن و ئینكاری ئایەتەكانی خوا دەكەن.

بەڵام پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)خۆی و هاوەڵەكانی ئارامیانگرت و گوێیان بەو هەموو پیلانگێڕی و دژایەتییانە نەدا هەر هەوڵیان دا هەتا خوای گەورە دینەكەی سەرخست.

٢. خاوەن كتێبەكان (أهل الكتاب) جولەكەكان

دوای ئەوەی پێغەمبەر ی خوا (صل الله علیه وسلم)دەوڵەتی مەدینەی دروستكرد لە سەر بنچینەی ئیمان و دادپەروەری و هاوڵاتیبون هەموو پایەكانی دەوڵەتداری تیا چەسپاند لەوێدا ڕوو بەڕووی سەرسەخت ترین دوژمن بویەوە كە دڵیان پڕیەتی لە ڕق و كینە بەرامبەر پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و باوەڕداران ئەوانە جولەكەكانی دانیشتووی مەدینە و دەورو بەری بوون خوای گەورە لە بارەی دوژمنایەتییان و ڕق و كینەیان بەرامبەر بە بڕواداران دەفەرموێت

(لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا.....)١٨ واتە: بەدڵنیاییەوە دەبینیت سەرسەخترینی خەڵك لە دوژمنایەتیدا بەرامبەر بەوانەی باوەڕیان هێناوە جولەكەن و ئەوانەی كە هاوەڵیان بۆ خودا داناوە.

بۆیە قورئانی پیرۆز بەبەردەوامی موسوڵمانان ئاگادار دەكاتەوە خۆیان بپارێزن لەوەی كە لایەنگری جولەكە بن و بیانكەنە گەورە و سەرپەرشتیاری خۆیان و پشتیان پێ ببەستن وەك دەفەرموێت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُوا مِنَ الْآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَابِ الْقُبُورِ)١٩ واتە: ئەی باوەڕداران پشت مەبەستن بە كەسانێك خوا خەشمی لێگرتوون و دۆستایەتیان مەكەن بێگومان ئەوانە نائومێد و بێ هیوا بوون لە پاداشتی قیامەت هەروەكو چۆن كافران نائومێد بوون لە گەڕانەوەی مردووەكانی نیشتەجێی گۆڕستان.

وە هەروەها دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ)٢٠ واتە: ئەی باوەڕداران جولەكە و گاور مەكەنە یار و یاوەر و پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێكیان پشتیوان و پشتگیری یەكترن، ئەوكەسەی پشت بەوان ببەستێت ئەوە هەر لەوانە و بەڕاستی خوا ڕێنوموونی قەومی ستەمكار ناكات.

وە خوای گەورە بۆمان ڕوندەكاتەوە كە ناخیان چەندە پیسە و پڕیەتی لە ڕق و بوغز و قین وەك دەفەرموێت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ)٢١ واتە: ئەی باوەڕداران بە كەسانێكی تر جگە لە خۆتان متمانە مەكەن و نهێنی خۆتانیان لەلا مەدركێنن چونكە

ئەوان كۆڵنادەن لە دروستكردنی گیر و گرفت و ناخۆشی بۆتان ئاواتیان ئەوەیە دوچاری ئازار و كێشە ببن، بە ئاشكرا ڕق و كینە لە دەم و دویاندا دیارە ئەوەی لە سینەیاندا شاردویانەتەوە زۆر گەورەترە لەوەی دەریدەخەن بێگومان ئێمە نیشانە و بەڵگەمان بۆ دیاری كردوون ئەگەر عەقڵ و ژیریتان بخەنە كار.

بەم شێوازەی كە خوای گەورە بۆمان باس دەكات جولەكەكان بەردەوام پیلانیان دەگێڕا دژی قورئان و پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)وەهەر واش دەمێننەوە و پیلان دەگێڕن ئەوەتا د.ئوسكار لیفی دەڵێت

(نحن الیهود لسنا إلا سادة العالم ومفسدیه. ومحركي الفتن فیه وجلادیه)٢٢ واتە: تەنها ئێمەی یەهود –جولەكە- گەورە و تێكدەری جیهانین، وە هەر ئێمەیشین كە ئاژاوە و گێرەشێوێنی تیا بەرپادەكەین و هەر ئێمەیشین جەلادی و خوێنڕێژی بەرپا دەكەین. لە تەلمۆدا لە سفری (حاز و حار) هاتووە كە زۆر بەڕاشكاوی هۆكاری ڕق و كینەیان بەرامبەر بە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)دەردەخات و دەڵێت (یا أبناء إسرائیل إعلموا أننا لن نفي محمداً حقه من العقوبة التي یستحقها حتى لو سلقناه في قدْر طافحة بالأقذار، وألقینا عظامه النخرة للكلاب المسعورة لتعود كما كانت نفایات كلاب، لأنه أهاننا وأرغم خیرة أبناءنا وأنصارنا على اعتناق بدعته الكاذبة، وقضى على أعز آمالنا في الوجود، ولهذا وجب علیكم أن تلعنوه في صلواتكم المباركة أیام السبت، ولیكن مقره في جهنم وبئس المصیر) واتە: ئەی نەوەی ئیسرائیل ئێمە ناتوانین ئەو سزایەی كە شایەنی محمدە بیدەین تەنانەت ئەگەر لە مەنجەڵێكی پڕ لە پیسیدا بیكوڵێنین و پاشان ئێسقانە پواوەكانی بدەین بە سەگە هارەكان و بیكەنەوە بە پاشەڕۆی سەگ، چونكە سوكایەتی پێكردوین بەوەی باشترینی نەوەكان و شوێنەكەوتووەكانی ئێمەی ناچار كردووە باوەڕ بە داهێنراوە درۆكەی بكەن، وە پیرۆزترین ئاواتمانی لەم جیهانەدا لە ناوبرد، بۆیە پێویستە لەسەرتان لە نوێژە پیرۆزەكانتانا لە ڕۆژی شەممانندا نەفرەتی لێبكەن، داوابكەن جێگەی جەهەننەم بێت و خراپترین سەرئەنجامی هەبێت٢٣.

بەم شێویە دەبینین جولەكە هەمیشە و بەبەردەوامی خەریكی پیلانگێڕی بوون بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرەكەی (صل الله علیه وسلم)بۆیە هەر لەو كاتەوەی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)كۆچی كرد بۆ مەدینە و هەتا ئێستا و لەمەو دواش بەردەوام پیلان دەگێڕن بە ئومێدی ئەوەی بتوانن ئەم ئاینە پاكە لەناوبەرن و خۆیان بكەن بە گەورەی جیهان.

كاتێك تەماشای مێژوو دەكەین دەبینین ئەوەی كە هەموو حزب و تایەفەكانی لەگەڵ قورەیش كۆكردەوە و هێرشیان كردە سەر دەوڵەتی تازەی ئیسلام لە مە دینە جولەكەبوو، وە ئەوەی دەستی هەبوو لە ئاژاوەی شەهیدكردنی خەلیفەی سێیەمی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم) عوسمانی كوڕی عەففان جولەكە بوو، وە ئەوەی سەركردایەتی جموجوڵی هەڵبەستنی فەرمودەی كرد بەدەم پێغەمبەرەوە (صل الله علیه وسلم)و وە ڕۆڵی بینی لە ناشیرینكردنی گێڕدراوە مێژوویەكان و بە هەڵبەستنی گێڕدراوەی هەڵبەستراو جولەكە بوو...... .

وە گاورەكانیش (النصارى) لەو كاتەوەی كە سوپای ئیسلام لە جەنگی یەرموك لە ساڵی (١٥ی كۆچی) بە گاورەكان گەیشتن و سەركەوتن بە سەریاندا ئەوانیش دەستیان كردووە بە پیلانگێڕی و دژایەتی كردنی موسوڵمانان ، شەڕەكانی صەلیبییەكان كە نزیكەی دوو سەدە درێژەی هەبوو وە ئەو لەناوبردنانەی كە لە وڵاتانی موسسوڵمانان ئەنجامیان داوە لە كۆن و نوێدا باشترین گەواهییە لەسەر ئەم قسانە، وە ئەو ئایەتەیش كە خوای گەورە دەفەرموێت:

(.....وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَوَدَّةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ)٢٤ واتە: بە دڵنیاییەوە دەبینیت نزیكترنیان لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی كە باوەڕدارن ئەوانەن كە دەیانووت ئێمە نەصرانی -گاور- ین ئەوەش لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەندێك لەوان قەشەی دیندارن و هەندێكیشیان گۆشەگیر و كەسانی خوا پەرستن بێگومان ئەوانە خۆیان بە گەورە دانانێن.

مەبەست لەم جۆرە گاورانە بەڕای زۆربەی ڕاڤەكارانی قورئانەوە نەجاشی و تاقمەكەیەتی ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامی ئیسلام هێنا.

ئەگینا گاورەكان یان خۆیان یان دەستیان لە دەستی جولەكە ناوە و دژایەتی و پیلانیان دژ بە ئاینی ئیسلام و موسوڵمانان ئەنجامداوە.

لەو پیلانانەی خاوەن كتێبەكان (جولەكە و گاور) بەرامبەر بە قورئان گێڕاویانە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامەوە بریتییە لە بڵاوكردنەوەی نوسراو و بیر و بۆچونی جیا جیا لە ناو هاوەڵان و شوێنكەوتووە بەڕێزەكاندا كە پریەتی لە شتی هەڵبەستراو كە ناسراوە بە (ئیسرائیلیات) لە ڕیوایەتێكدا ئیمامی أحمد دەیگێڕێتەوە كە:

(أن عمر بن الخطاب، أتى النبي (صل الله عليه وسلم)بكتاب أصابه من بعض أهل الكتاب، فقرأه على النبي (صل الله عليه وسلم)فغضب وقال: (أمتهوكون) فيها يا ابن الخطاب، والذي نفسي بيده لقد جئتكم بها بيضاء نقية، لا تسألوهم عن شيء فيخبروكم بحق فتكذبوا به، أو بباطل فتصدقوا به، والذي نفسي بيده لو أن موسى كان حيا، ما وسعه إلا أن يتبعني)٢٥ واتە: عومەری کوڕی خەتتاب خوای لێ ڕازی بێت نوسراوێکی هێنا بۆ لای پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم)کە لە خاوەن کتێبەکانەوە دەستی کەوتبوو بۆ پێغەمبەری (صل الله عليه وسلم) خوێندەوە ئەویش توڕەبوو و فەرمووی ئەی کوڕی خەتتاب (پێی سەرسام بوون) سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە بەدڵنیاییەوە زۆر بە پاکی و سپی و بێ لەکە بۆم هێناون (مەبەستی قورئانە)، پرسیاریان لێناکەن لە شتێك و بەڕاستی وەڵامتان بدەنەوە و ئێوەش بەدرۆیان بخەنەوە، یاخود بەدرۆ وەڵامتان بدەنەوە ئێوەش باوەڕیان پێ بکەن، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێستا موسی زیندوو بوایە هیچ بوارێکی نەبوو ئەوە نەبێ کە شوێنی من بکەوێت.

ئەمە لەسەردەمی پێغەمبەردا بوو وە لەسەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکاندا گێڕدراوەی زۆر هەن و تێکەڵی کتێبەکانی ڕاڤەی قورئان کراون ئەگەر تەماشایەکی کتێبەکانی ڕاڤەی قورئان بکەین زۆرێك لەو گێڕدراوانە دەبینین کە مەبەست لێی تانەدانە لە قورئان ناشیرین کردنییەتی ، بۆیە پێغەمبەری خوا (صل الله عليه وسلم)هەمیشە ڕێگری دەکرد لەوەی هیچ شتێك لە خاوەن کتێبەکانەوە وەر نەگرین نەبادا تێکەڵی قورئان ببێت.

٣.خۆرهەڵاتناسەکان (المستشرقون)

ئەو بزوتنەوەیەیە کە پۆشاکی زانینی زانستی خۆرهەڵاتی پۆشیوە و بەڵام لە ناخیدا درێژە پێدەری هەڵمەت و جەنگی درێژی خاچ دروشمەکانە بۆ سەر ئاینی ئیسلام و موسوڵمانان چونکە خۆرهەڵات ناسەکان لە سەرتاوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی خۆرهەڵات بکەن بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان بەڵام لە ناخیاندا بڕیاری ئەوەیانداوە کە هەرچی تانەی هەڵبەستراو هەیە بیدەن لە قورئان و ئیسلام بۆ ئەوەی موسوڵمانان لە ئاینەکەیان دور بخەنەوە یاخود بەلانی کەم ڕێگری بکەن لەوەی کە ئیسلام لەخۆرئاوا بڵاو بێتەوە یاخود خەڵکی خۆرئاوا واز لە ئاینی مەسیحی خۆیان بهێنن و ڕوو لە ئیسلام بکەن، بۆیە ئەم بزوتنەوەیەش دادەنرێت بەوەی یەکێکی ترە لەو پیلانانەی دژ بە قورئان و ئیسلام داڕێژراوە لەلایەن خاوەن کتێبەکانەوە چونکە ئەوان جۆرەها و چەندەها ڕێگەیان گرتووتە بەر بۆ ئەوەی بگەن بەو ئامانجەی کە پیلانیان بۆ داڕشتووە.

قەشە یوحەنا دیمەشقی کە لە ساڵانی (٦٨٠ز- ٧٤٩ ز) ژیاوە بەلای هەندێك لە توێژەرانەوە دادەنرێت بە سەرەتای سەرهەڵدانی جموجوڵی خۆر هەڵاتناسی٢٦ کاتێك هەردوو کتێبەکەی بە ناوەکانی (حياة محمد ،حوار بين مسيحي ومسلم) ) نوسی کە ئامانجی ڕێنیشاندانی گاورەکان بوو چۆن دەمەدەمێ لەگەڵ موسوڵماناندا بکەن و بەردەوام ڕەخنەی لە پێغەمبەر دەگرت، دەڵێ: (محمد پەیامبەرێکی نێردراو نەبووە بەڵکو پێغەمبەرایەتییەکی داهێنراوی بۆخی دروستکردووە و بۆ عەرەبەکانی خزم و کەسی خۆی کتێبێکی دروستکراوی هێناوە کە هەموو بابەتەکانی لە ڕاهیبێکی شوێنکەوتەی –ئاریۆس- جایبوو لە کەنیسە وەرگرتووە، وە بە هۆی خۆپارێزی و خوا پەرستییەکی درۆوە توانیویەتی دڵی شوێنکەوتووەکانی کەمەند کێش بکات بۆ لای خۆی)٢٧.

بەم شێوەیە خۆرهەڵاتناسەکان و ئەوانەی لەسەر پرۆگرامی ئەوان دەڕۆن هەمیشە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان قورئان و پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم)ناشیرین بکەن و وایان وێنا بکەن کە قورئان لەلایەن محمد خۆیەوە هەڵبەستراوە هەتا خەڵکی لێ دور بخەنەوە و ئەم کارەش بە پلانی زۆر ورد داڕێژراو ئەنجامی دەدەن نمونەش زۆرە ئەگەر تەماشای نوسینەکانی خۆرهەڵاتناسە بەناوبانگەکانیان بکەی وەك (کارل برۆکلمان لە کتێبی تأريـخ الشعوب الاسلامية، غوستاف لوبۆن لە کتێبی حضارة العرب ..... هتد) ئەو تۆمەت و ناشیرینکردنە زۆر بە ڕونی بەدی دەکرێت.

## باسی دووەم: پیلانگێڕی دژ بە سوونەت:

دوای ئەوەی هەرچی پیلانگێڕی ناحەزان و نەیارانی ئیسلام هەبوو دژ بە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و قورئانی پیرۆز پوچەڵ بووەوە و سەری نەگرت چونکە خوای گەورە هەردوکیانی پاراستووە ئەوجا دوژمنانی ئاینی ئیسلام ڕووی پیلانگێڕیان کردە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و گومان دروست کردن دەربارەی سەرچاوەکەی و تانەدان لە گێڕەرەوەکانی و دروستکردن و هەڵبەستنی فەرمودە و پاڵدانی بۆ لای پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)یەكێك لە زانایانی فەرمودە دەڵێت: (.... ولكنه لم يرق لأعداء الإسلام قديماً وحديثاً، أنْ يروا ازدهار الأُمَّة الإسلامية وتقدمها، فعملوا على هدم أسس الإسلام، وتشكيك المسلمين في دينهم، وكان من الصعب أنْ ينالوا من القرآن الكريم، فوجَّهُوا سهامهم إلى السُنَّة، وحاولوا تشويهها، فوضعوا الأحاديث، وطعنوا في بعض الصحيح منها، واتَّهمُوا بعض الرُواة الثقات، ولكن هذا لم ينل من السُنَّة أمام يقظة الأُمَّة وعلمائها الذين ذبُّوا عنها وحافظوا عليها)٢٨

واتە:(.... بەڵام دوژمنانی ئیسلام لە کۆن و نوێدا چاویان بەڕایی نەهاتووە کە گەشە و پێشکەوتنی ئوممەتی ئیسلام ببینن، بۆیە کاریان کردووە بۆ ڕوخاندنی بنچینەکانی ئیسلام و گومان دروستکردن لەلای موسوڵمانان سەبارەت بە ئاینەکەیان چونکە زۆر قورس بوو کە لە قورئانی پیرۆز بدەن، بۆیە ڕووی تیرەکانیان کردە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و هەوڵی ناشیرینکردنیاندا و فەرمودەیان بەدەمەوە هەڵبەست و تانەشیان لە هەندێك فەرمودەی ڕاست دا و هەندێ گێڕەرەوەی خاوەن متمانەیان تۆمەتبارکرد، بەڵام بەم پیلانەیشیان نەیانتوانی لە سوننەتی پێغەمبەریە خودا (صل الله علیه وسلم)بدەن لەبەرامبەر بە ئاگایی ئوممەتی ئیسلام و زاناکانی ئەوانەی بەرگریان لێکرد و پاراستیان).

هەرچەندە سوننەتەکانی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)وەحییە و لەلایەن خوای گەورەوە بۆ پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم) هاتووە و لەگەڵ قورئاندا پێکەوە بنچینە و سەرچاوەی  ئاینی ئیسلام پێك دەهێنن هەردوکیان پێکەوە وابەستەن و وابەستە بوونی گەواهی لا اله إلا الله لەگەڵ گەواهی محمد رسول الله چونکە هەرکەسێك باوەڕی بە سوننەت نەبێت باوەڕیشی بە قورئان نییە، وە هەر لە دێرین زەمانەوە هەتا ئەمرۆ لە شوێن و جێگە و کاتی جیاوازدا پیلانگێڕی و دژایەتی کردنی سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)کراوە لە لایەن ناحەزان و دوژمنانی ئاینی ئیسلامەوە، بە تایبەتی لەلایەن کەسانێکەوە کە بانگەشەی پابەند بونیان بە ئیسلامەوە دەکەن و خۆیان بە موسوڵمان دەدەنە قەڵەم.

من دەمەوێ لەم باسەدا تیشك بخەمە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو پیلانگێڕیانەیان دژ بە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)بۆ ئەوەی ڕونبێتەوە ئەوەی لەمرۆدا برەوی پێدەدرێت و بانگەشەی بۆ دەکرێت بەناوی (قورئانی) یەوە و وا وێنا دەکرێت کە شتێکی تازەیە و وەك نوێگەری (ڕیفۆرم) لە ئاینی ئیسلامدا پیشانی دەدەن و هەندێك لە خەڵکیش باوەڕیان پێکردوون بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پیلانگێڕییە زۆر کۆنە و کەڵە زانایانی ئەم ئوممەتە ڕووبەڕووی بونەتەوە و وەڵامی سەرجەم گومانەکانیان داونەتەوە.

ئەم باسە لە دوو تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: ڕەتکردنەوەی سوننەت و حساب بۆ نەکردنی وەك سەرچاوەی یاسا دانان (تەشریع):

گومانی تێدا نییە کە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)سەرچاوەی دووەمی یاسا دانانە لە ئاینی ئیسلامدا بە کۆڕا (اجماع)ی  هەموو زانایانی ئیسلام لە کۆنەوە بەبێ جیاوازی٢٩ بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرە لە قورئان و فەرمودەی پێغەمبەردا(صل الله علیه وسلم)بۆ نمونە لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ)٣٠

واتە: پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)هەر فەرمانێکی پێکردن بە گوێی بکەن وە قەدەغەی هەر شتێکی لێکردن مەیکەن و لێی دور بکەونەوە و لە خوا بترسن چونکە بەڕاستی خودا تۆڵە سێنی توندە.

وە هەروەها دەفەرموێ (فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)٣١

واتە:دەبا ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)دەکەن و ڕێباز و سوننەتەکانی واز لێدێنن بترسن لەوەی کە توشی تاقیکردنەوەیەکی سەخت یان توشی سزایەکی بە ئێش ببن.

وە لە فەرمودەی پێغەمبەریش (صل الله علیه وسلم)ئەوە ڕونکراوەتەوە چەندین فەرمودە لەو بارەوە هەیە بۆ نمونە: (لا ألفين أحدكم متكئا على أريكته يأتيه الأمر من أمري مما أمرت به أو نهيت عنه فيقول: ما أدري، ما وجدنا في كتاب الله اتبعناه)٣٢

واتە: من نابینم یەكێكتان شانی دادابێت لەسەر كورسی و قەنەفە ڕازاوەكەی و فەرمانێكی لە فەرمانەكانی منی بۆ دێت لەوانەی كە فەرمانم پێكردووە یاخود بەرگریم لێكردووە ئەو دەڵێت: نازانم ئەگەر لە كتێبی خوادا بینیمان شوێنی دەكەوین و بە قسەی دەكەین.

لە گێڕدراوەیەكی تردا كە ابن ماجە دەیگێڕێتەوە (أن رسول الله (صل الله عليه وسلم)قال: يوشك الرجل متكئا على أريكته، يحدث بحديث من حديثي، فيقول: بيننا وبينكم كتاب الله عز وجل، فما وجدنا فيه من حلال استحللناه، وما وجدنا فيه من حرام حرمناه، ألا وإن ما حرم رسول الله (صل الله عليه وسلم)مثل ما حرم الله)٣٣

واتە: پێغەمبەری خوا (صل الله عليه وسلم)فەرمووی خەریكە –نزیكە- ڕوبدات كە پیاوێك شانی دایابێت لەسەر كورسی و قەنەفە ڕازاوەكەی و فەرمودەیەكی منی بۆ باس دەكرێت و ئەو دەڵێت دادوەری نێوان ئێمە و ئێوە كتێبی خودایە، هەر حەڵاڵێكمان تیا بینی ئەوا بە حەڵاڵ ئەژماری دەكەین و وەری دەگرین وە هەر حەرامێكمان تیا بینی ئەوا بە حەرام ئەژماری دەكەین و وەری ناگرین، بەڵام بزانن بە دڵنیاییەوە ئەوەی پێغەمبەری خوا (صل الله عليه وسلم)حەرامی بكات وەكو ئەوەیە كە خوا حەرامی كردووە.

ئەم فەرمودانە و چەند فەرمودەیەكی تری هاوشێوەیان چوار بابەت دەخەنە ڕوو:

بابەتی یەكەم: سوننەتی پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم)وەكو قورئان بەبەڵگە هەژمار دەكرێت لە حوكمەكانی حەڵاڵ و حەرامدا.

بابەتی دووەم: پێغەمبەری خوا (صل الله عليه وسلم)هەواڵی پەیدا بوونی ئەو جۆرە كەسانەی داوە كە ئەو بیر و ڕایەیان هەیە ئەمەش یەكێكە لە هەواڵدانی پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم)بە ئاینده بۆ ئەوەی موسوڵمانان توشی شۆك نەبن لە كاتێكدا ئەو جۆرە كەسانە ببینن.

بابەتی سێیەم: پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم)خۆی بەرپەرچی ئەو جۆرە بیر و ڕایانەی داوەتەوە و ئەوەی خستۆتە ڕوو كە سوننەتەكەی وەكو قورئان حوكمەكانی جێبەجێ دەكرێت و ناكرێت ڕەتبكرێتەوە بەڵكو سەرچاوەی دووەمە لە یاساداناتی ئیسلامدا.

ئەگەر كەسانێك و بیر و بۆچونێك پێغەمبەری خوا (صل الله عليه وسلم)بەرپەرچی دابنەوە كەواتە بیر و بۆچونێكی بەتاڵە و نابێت بە قسەیان بكریت بەڵكو دەبێت خەڵكی لێ بەئاگا بهێنرێتەوە هەتا خۆیانی لێبپارێزن.

بابەتی چوارەم: لە ڕووی مێژووییەوە ووشەی (يوشك) واتە خەریكە یاخود نزیكە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە كەواتە سەبارەت بە سەردەمی ئێستای ئێمە ئەوە دەردەخات كە زۆر كۆنە بۆ ئێستامان بە پێچەوانەی ئەوەی وێنای دەكەن و نیشانی دەدەن كە شتێكی تازەیە بەڵگەش بۆ كۆنی ئەو جۆرە بیر و ڕایە ئەوەیە كە زانایانی پێشین قسەیان لەسەر كردووە و بەرپەرچیان داوەتەوە.

## سەرەتاكانی سەرهەڵدانی ئەو بیر و ڕایە

لە ڕاستیدا ئەمە بیر و ڕایەكی لادەرە لە دین و هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم)پێش پێشەوای موسوڵمانان و زانایان ڕونیان كردۆتەوە بە شێوەیەك دەبینین لە شاری بەصرە لە سەردەمی هاوەڵان و شوێنكەوتواندا یەكێك لە هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم)كە ناوی (عمرانی كوڕی حوصەین)• بەرپەرچی كەسێك دەداتەوە لە شاری بەصرە كە خاوەنی ئەو بیرە لادەرەیە لە كاتێكدا لە مزگەوت بوو وانەی بە ئامادەبووان دەوتەوە كابرایەك لە ئامادەبووان ووتی (يَا أَبَا نجيد إِنَّكُم تحدثونا بِأَحَادِيث لم نجد لَهَا أصلا فِي الْقُرْآن، فَغَضب عمرَان وَقَالَ للرجل: قَرَأت الْقُرْآن؟ قَالَ: نعم، قَالَ: فَهَل وجدت فِيهِ صَلَاة الْعشَاء أَرْبعا وَوجدت الْمغرب ثَلَاثًا والغداة رَكْعَتَيْنِ وَالظّهْر أَرْبعا وَالْعصر أَرْبعا؟ قَالَ: لَا. قَالَ. فَعَن من أَخَذْتُم ذَلِك، ألستم عَنَّا أخذتموه وأخذناه عَن رَسُول الله (صل الله عليه وسلم)؟ أوجدتم فِيهِ من كل أَرْبَعِينَ شَاة شَاة وَفِي كل كَذَا بَعِيرًا كَذَا وفي كل كَذَا درهما كَذَا. قَالَ: لَا. قَالَ فَعَن من أَخَذْتُم ذَلِك؟ ألستم عَنَّا أخذتموه وأخذناه عَن النَّبِي صلى الله عَلَيْهِ وَسلم؟ وَقَالَ: أوجدتم فِي الْقُرْآن: {وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ} أوجدتم فِيهِ فطوفوا سبعا واركعوا رَكْعَتَيْنِ خلف الْمقَام، أَو وجدْتُم فِي الْقُرْآن: لَا جلب وَلَا جنب وَلَا شغار فِي الْإِسْلَام؟ أما سَمِعْتُمْ الله قَالَ فِي كِتَابه: {وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا} قَالَ عمرَان: فقد أخذنَا عَن رَسُول الله (صل الله عليه وسلم)أَشْيَاء لَيْسَ لكم بهَا علم)٣٤ واتە: (باوكی نوجەید ئێوە باسی فەرمودەی وامان بۆ دەكەن كە لە قورئاندا هیچ بنچینەیەكی نابینین، عمران توڕەبوو و بە پیاوەكەی ووت: قورئانت خوێندۆتەوە؟ ووتی بەڵێ، پێی ووت ئایا لە قورئاندا بینیوتە كە نوێژی عیشا چوار ركات و نوێژی خۆرئاوا بوون سێ و بەیانیش دوو و نیوەڕۆ و عەسریش چوار؟ ووتی نەخێر، ووتی ئەی ئەوەتان لە

کێ وەرگرت ئایا لە ئێمەتان وەرنەگرت و ئێمەش لە پێغەمبەری خوا (صل الله علیه وسلم)؟ وە ئایا لە قورئاندا بینیوتانە کە لە هەموو چل سەر مەڕ مەڕێکی زەکاتە و لە وەندە ووشتردا ئەوەندە و لە وەندە درهەمدا ئەوەندە؟ ووتی نەخێر ووتی ئەی ئەوەتان لە کێ وەرگرت ئایا لە ئێمەتان وەرنەگرت و ئێمەش لە پێغەمبەری خوا (صل الله علیه وسلم)؟ ئایا لە قورئاندا لە ئایەتی (وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ) بینیوتانە کە دەبێت حەوت جار بە دەوری کەعبەدا بسوڕێنەوە و دوو ڕکاتیش نوێژ لە پشتی ئیمامەوە بکەن، ئایا لە قورئاندا بینیوتانە کە (جەلەب و جەنەب و شغار) لە ئیسلامدا نییە؟ نەتانبیستووە خوای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی کە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)هەر فەرمانێکی پێکردن بە گوێی بکەن وە قەدەغەی هەر شتێکی لێکردن مەیکەن و لێی دور بکەونەوە، عمران ووتی ئێمە لە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)شتی زۆرمان وەرگرتووە کە ئێوە زانیاریتان لە بارەیەوە نییە.

لەم ڕوداوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە سەردەمی هاوەڵاندا ئەم بیرە لادەرە سەری هەڵداوە چونکە عمرانی کوڕی حوصەین لە ساڵی ٥٢ کۆچی دوایی کردووە کەواتە ئەو بیرە زۆر کۆنە.

وە هەروەها کەڵە زانایانی موسوڵمانان ڕووبەڕووی بوونەتەوە لە پێش هەموویانەوە ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێت کە لە ساڵی (٢٠٤ك) کۆچی دوایی کردووە لە کتێبی (الرسالة)٣٥ لە چەند لاپەڕەیەکدا باسی ئەو بیرە لادەرە دەکات و بەرپەرچی دەداتەوە لە ژێر ناونیشانی (بيان فرض الله في كتابه اتباع سنة نبيه) دەفەرمێ: خوای گەورە پێغەمبەری (صل الله علیه وسلم)لە دینەکەی و کتێبەکەیدا لە شوێنێکدا داناوە کە کردوویەتی بە نیشانەی دینەکەی بەوەی کە بە فەرزی گرتووە گوێڕایەڵی کردنی وە حەرامە سەرپێچی کردنی وە ئەوەندەش گەورەیی پێغەمبەری (صل الله علیه وسلم)دەرخستووە کە ئیمان هێنان پێی لکاندویەتی بە ئیمان بە خۆیەوە.وەك دەفەرموێ

(...... فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) ٣٦ واتە: ..... جا کەوابوو باوەڕ بهێنن بە خوا و پێغەمبەرەکەی کە هەواڵدەرێکی نەخوێندەوارە ئەو پێغەمبەرەی (صل الله علیه وسلم)کە خۆی باوەڕی هێناوە بە خوا و هەموو ئەو ئایەتانەی کە لە لایەن خواوە هاتۆتە خوارەوە وە ئێوەش شوێنی بکەون بۆ ئەوەی ڕێنموونی وەرگرن.

وە هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُوا مَعَهُ عَلَى أَمْرٍ جَامِعٍ لَمْ يَذْهَبُوا حَتَّى يَسْتَأْذِنُوهُ....)٣٧ واتە: بەڕاستی ئیمانداران ئەوانەن کە باوەڕیان هێناوە بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی و هەر کاتێك کۆ دەبنەوە لە خزمەتیدا بۆ کارێکی گرنگ و پێویست کە هاوکاری دەوێت نارۆن و خۆیان نادزنەوە هەتا مۆڵەت نەخوازن ..... .

کەواتە دەسپێکی تەواوی ئیمان –کە هەموو شتێکی تر شوێنکەوتەیەتی- ئیمان هێنانە بە خوا و پێغەمبەرەکەی.

ئەگەر هەر بەندەیەك باوەڕ بە خوا بهێنێت و بەڵام باوەڕ بە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)نەهێنێت هەرگیز ناوی ئیمانداری تەواوی بەسەردا نابڕێت تاوەکو باوەڕیش بە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)نەهێنێت.

کەواتە خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر خەڵکی شوێنی وەحی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (صل الله علیه وسلم)بکەون.

ئیمامی شافعی بەردەوامە و کۆمەڵێك ئایەت و فەرمودە دەهێنێت بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەتا دەگاتە ئەوەی ئەم ئایەتە بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت (وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ..... )٣٨ دەڵێ خوای گەورە باسی (الكتاب)ی کردووە واتە قورئان، وە باسی (الحكمة)ی کردووە دەڵێ گوێم لە زانایان بوو ئەوانەی کە لە زانیارییان ڕازیبوم دەیان گوت (الحكمة) مەبەست پێی سوننەتی پێغەمبەرە. وە بەڵگەی زۆریش بۆ ئەو قسەیە دەهێنێتەوە.

یەکێکی تر لەو زانایانەی کە باسی ئەو بیرە لادەرەی کردووە و باسی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کردووە و بەربەرچی داوەتەوە (ئیمای سیوطي) بە کە لە ساڵی (٩١١ك) کۆچی دوایی کردووە لە کتێبێکیدا بە ناوی

(مفتاح الجنة في الإحتجاج بالسنة)٣٩ لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ (اعلموا - يَرْحَمكُمْ الله - أَن من الْعلم كَهَيْئَةِ الدَّوَاء. وَمن الآراء كَهَيْئَةِ الْخَلَاء. لَا تذكر إِلَّا عِنْد دَاعِيَة الضَّرُورَة، وَأَن مِمَّا فاح رِيحه فِي هَذَا الزَّمَان وَكَانَ دارسا بِحَمْد الله تَعَالَى مُنْذُ أزمان، وَهُوَ أَن قَائِلا رَافِضِيًّا زنديقا أَكثر فِي كَلَامه أَن السّنة النَّبَوِيَّة وَالْأَحَادِيث المروية - زَادهَا الله علوا وشرفا - لَا يحْتَج بهَا، وَأَن الْحجَّة فِي الْقُرْآن خَاصَّة)

واتە: بزانن – خوا ڕەحمتان پێبکات - کە زانیاری هەیە وەکو دەرمان وایە وە ڕا و بۆچون هەیە وەکو سەرئاو وایە لە کاتی پێویستیدا نەبێت

باسیان ناکرێت وە ئەوەی ئەمڕۆ –مەبەستی سەردەمی خۆیەتی- بۆنی بڵاو بۆتەوە و سوپاس بۆ خوا دەمێکە دیراسە کراوە ئەوەیە کە کەسێکی رافیزی زندیق دەمدرێژی کردووە و وتویەتی سوننەتی پێغەمبەر و فەرمودە گێڕدراوەکان – خوا زیاتر شکۆ مەند و پایەداری بکات – کاریان پێناکرێت و نابنە بەڵگە بەڵکو ئەوەی بەڵگەیە و کاری پێدەکرێت تەنها قورئانە.

وە لەو ڕووەوە فەرمودەیەك دەهێنێت کە دەڵێ (مَا جَاءَكُم عَنى من حَدِيث فاعرضوه على الْقُرْآن، فَإِن وجدْتُم لَهُ أصلا فَخُذُوا بِهِ وَإِلَّا فَردُّوهُ) واتە: ئەگەر فەرمودەیەکتان لەمنەوە بۆ هات بەراوردی بکەن بە قورئان ئەگەر لە قورئاندا بنەڕەتێکتان بۆ دۆزییەوە وەری بگرن ئەگەر نا بەرپەرچی بدەنەوە و وەری مەگرن.

ئیمامی سیوطي دەڵێ: هەندێ لە زانایان گرنگی بەم قسەیە نادات هەندێکی تریان دەڵێن هیچ بنەڕەت و ئەصڵێکی نییە وە نازانرێت لەکوێوە هاتووە.

ئیمامی بەیهەقی کە ساڵی (٤٥٨ھ) کۆچی دوایی کردووە دەڵێ ئەو فەرمودەیە بەتاڵە و ڕاست نییە چونکە هەر خۆی خۆی بوچەڵ دەکاتەوە چونکە لە قورئاندا هیچ بەڵگەیەك نییە کە بڵێ فەرمودە بەراورد بکەن بە قورئان٤٠. بەڵام (وأصل هَذَا الرَّأْي الْفَاسِد أَن الزَّنَادِقَة وَطَائِفَة من غلاة الرافضة ذَهَبُوا إِلَى إِنْكَار الِاحْتِجَاج بِالسنةِ والاقتصار على الْقُرْآن وهم فِي ذَلِك مختلفو الْمَقَاصِد، فَمنهمْ من كَانَ يعْتَقد أَن النُّبُوَّة لعَلي وَأَن جِبْرِيل عَلَيْهِ السَّلَام أَخطَأ فِي نُزُوله إِلَى سيد الْمُرْسلين صلى الله عَلَيْهِ وَسلم، تَعَالَى الله عَمَّا يَقُول الظَّالِمُونَ علوا كَبِيرا، وَمِنْهُم من أقرّ للنَّبِي صلى الله عَلَيْهِ وَسلم بِالنُّبُوَّةِ وَلَكِن قَالَ: إِن الْخلَافَة كَانَت حَقًا لعَلي فَلَمَّا عدل بهَا الصَّحَابَة عَنهُ إِلَى أبي بكر رَضِي الله عَنْهُم أَجْمَعِينَ قَالَ هَؤُلَاءِ المخذولون - لعنهم الله - كفرُوا حَيْثُ جاروا وَعدلُوا بِالْحَقِّ عَن مُسْتَحقّه، وكفَّروا - لعنهم الله - عليا رَضِي الله عَنهُ أَيْضا لعدم طلبه حَقه فبنوا على ذَلِك رد الْأَحَادِيث كلهَا لِأَنَّهَا عِنْدهم بزعمهم من رِوَايَة قوم كفار فَإِنَّا لله وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُون) واتە: بنەڕەت و ئەصڵی ئەم قسە خراپە ئەوەیە کە زندیقەکان و دەستەیەکی ڕافیزەی ڕۆچوو و توند ڕەو ڕایان وایە کە دەبێت نکوڵی لە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)بکەن و دانی پێدا نەنێن بەڵکو تەنها پشت بە قورئان ببەستن چونکە چەند مەبەستێکی جیاوازیان هەیە: هەندێکیان باوەڕیان وایە کە پێغەمبەرایەتی بۆ عەلی بوو بەڵام جبریل سەلامی خوای لێبێت هەڵەی کرد کە هێنای بۆ گەورەی پێغەمبەران (صل الله علیە وسلم)– گەورەیی بۆ خوایە لەو ووتە ستەمکارانەی کە دەیڵێن- وە هەندێکی تریان دان دەنێن بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەردا بەڵام دەڵێن جێنشینی لەدوای پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)مافی عەلی بوو دوای ئەوەی وازی لێهانا بۆ هاوەڵەکانی پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)بۆ ئەبو بەکر و ئەوانی تر –خوا لێیان ڕازی بێت- ئەو سەرشۆڕانە وتیان کافربوون چونکە مافیان لە خاوەن ماف سەندەوە وە هەر ئەوان عەلیشیان -خوای لێ ڕازی بێت- کافر کرد چونکە داوای مافی خۆی نەکرد، لەسەر ئەم بنەمایە هەموو فەرمودەکانی پێغەمبەریان وەلانا چونکە بەلای ئەوانەوە ئەو فەرمودانە کەسانێکی کافر گێڕاویانەتەوە – فَإِنَّا لله وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُون - .

هەر ئیمامی سیوطي دەڵێ: هەڵگرانی ئەم ڕایە لەسەردەمی چوار ئیمامەکە و پاش ئەوانیش دا زۆربوون بەڵام چوار ئیمامەکە و هاوەڵەکانیان بەرپەرچیان داونەتەوە و لە وانەکانیان و گفتوگۆکانیاندا وە هەروەها لە نوسین و کتێبەکانیاندا٤١.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بیرە لادەرە کۆنە و سەرچاوەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی لادەر و دژ بە ئیسلام و دژ بە پێغەمبەری خوا (صل الله علیە وسلم) دوای ئەوەی کە زانیمان هاوەڵی بەرێزی پێغەمبەر(صل الله علیە وسلم)عمرانی کوڕی حوصەین ساڵی (٥٢ك) کۆچی دوایی کردووە و لە شاری بەصرەش نیشتەجێ بووە وە ئەو شارەش مۆڵگەی سەبەئییەکان بووە ئەوانەی کە دەستیان هەبوو لە ئاژاوەگێڕی لە سەردەمی خەلیفەی سێهەمی پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)عوسمانی کوڕی عەففان خوای لێ ڕازیبێ و پاشانیش شەهیدیان کرد دوور نییە هەر ئەوان دەستیان هەبێت لە برەودان بەو جۆرە بیرە لادەرە بۆ ئەوەی مەرامەکانیان بەدەست بهێنن ئەویش لەناوبردنی ئاینی ئیسلامە وە ئەم گریمانەیە ئیمامی سیوطي ئاماژەی پێکردووە ئێمەش پێشتر خستمانە ڕوو، بۆیە هەرکاتێك ئەو جۆرە بانگەشانە ببیستین دەبێ بزانین ئەوە پیلانە و دژ بە سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)و ئاینەکەی دەگێڕدرێت مەبەست لێی گومان دروستکردنە لە دڵی موسوڵمانان بەتایبەتی ئەو موسوڵمانانەی کە شارەزایی ئەوتۆیان لە فەرمودە و قورئانی پیرۆزدا نییە هەتا بتوانن لەو ڕێگەیەوە زۆرترین کەس لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دوربخەنەوە.

## تەوەری دووەم: تۆمەت بارکردنی گێڕەرەوەکانی فەرموده و ناشیرینکردنیان.

هەوڵێکی تری دوژمنانی ئیسلام بۆ لەناوبردنی ئایینی ئیسلام لێدان و ناشیرین کرنی گێڕەرەوەکانی فەرمودەکانی پێغەمبەره لە هاووەڵان و شوێنکەوتوان و شوێنکەوتوانی ئەوان و تۆمەتبارکردنیان بە چەندەها تۆمەتی نابەجێ و ناشیرین لە کاتێکدا خوای گەوره باسیان دەکات کە باشترینی ئوممەتن وەك دەفەرموێ (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ)٤٢ واتە: بەڕاستی ئێوە چاكترين ئوممەتێکن کە بۆ سودی خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە.

وە دەربارەی کۆچبەران و پشتیوانەکان و شوێنکەوتووانیاندا بە چاکە دەفەرموێ

(وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ)٤٣ واتە: خوای گەورە لەوانەی کە پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون لە موسوڵمان بوون لە کاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی بە ڕێك و پێکی و بە چاکە شوێنیان کەوتون ڕازی بووە و ئەوانیش لەو ڕازیبوون و باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون کە چەندەها ڕوبار بەبەردەم کۆشکەکانی و بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات بۆ هەمیشەییش تیایدا دەمێننەوە و ئەو سەرئەنجامە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.

هاوەڵانی پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)خوا لێیان ڕازییێت بە شاهدی پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)چاکترینی ئەم ئوممەتەن وە هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ئەم دینە بە ئێمە گەیشتووە بە قورئان و سوننەتەوە چونکە ئەوانبوون کە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی پێغەمبەردا بوون و هەموو درشت و ووردێکیان لە پێغەمبەرەوە (صل الله علیە وسلم)بۆ ئێمەیان گواستووەتەوە جا ئەگەر گێڕەرەوەکان ناشیرین کران و تۆمەتبارکران بەهەر جۆرێکی تۆمەت ئەوا گێڕدراوەکانیش دەبێت ڕەت بکرێنەوە چونکە لە کەسانی تۆمەتبارکراوەوە پێمان گەیشتووە بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵا ئەم بابەتە بکرێت چونکە تۆمەتبارکردنی هاوەڵان کە گێڕەرەوەن لە پێغەمبەرەوە (صل الله علیە وسلم) مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی قورئان و سوننەتە بەیەکەوە نەك تەنها سوننەت خەتیبی بەغدادی دەڵێت

(.... لما جاء الرشيد بشاكر رأس الزنادقة ليضرب عنقه، قال: أخبرني، لم تعلمون المتعلم منكم أول ما تعلمونه الرفض والقدر؟ قال: أما قولنا بالرفض فإنا نريد الطعن على الناقلة، فإذا بطلت الناقلة أوشك أن يبطل المنقول)٤٤ واتە: کاتێك هارون الرشید شاکری هێنا کە گەورەی زەندیقەکان بوو بۆ ئەوەی لە گەردنی بدات پێی ووت پێم بڵێ  بۆچی هەر لەسەرتاوە فێرخوازەکانتان فێری (ڕەفز و قەدەر) دەکەن ووتی فێری ڕەفزیان دەکەین چونکە دەمانەوێت تانە لە گێڕەرەوەکان بدەین چونکە ئەگەر گێڕەرەوە پوچەڵ کرایەوە گێڕدراوەکەش پوچەڵ دەبێتەوە.

هەر خەتیبی بەغدادی دەگێڕێتەوە و دەڵێت

(يقول أبو زرعة*: إذا رأيت الرجل ينتقص أحدا من أصحاب رسول الله (صل الله علیه وسلم)فاعلم أنه زنديق , وذلك أن الرسول (صل الله علیه وسلم)عندنا حق , والقرآن حق , وإنما أدى إلينا هذا القرآن والسنن أصحاب رسول الله (صل الله علیه وسلم) وإنما يريدون أن يجرحوا شهودنا ليبطلوا الكتاب والسنة، والجرح بهم أولى وهم زنادقة)٤٥

واتە: ئەبو زرعە دەڵێ ئەگەر کەسێکت بینی کە سوکایەتی بە هاوەڵێکی پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)دەکات و بەکەم باسی دەکات بزانە ئەوە زندیقە، چونکە پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)لەلای ئێمە ڕاستە و قورئانیش ڕاستە وە ئەوانەی کە قورئان و سوننەتی پێغەمبەریان(صل الله علیە وسلم)بە ئێمە گەیاندووە هاوەڵانی پێغەمبەرن، وە ئەوانە دەیانەوێ شاهیدەکانمان بریندار بکەن بۆ ئەوەی قورئان و سوننەت بەتاڵ بکەنەوە، وە بریندار کردنی ئەوانە باشترە چونکە زندیقن.

پێغەمبەر (صل الله علیە وسلم)دەفەرموێ (إن الله عز وجل اختارني واختار لي أصحابا، فجعل لي منهم وزراء وأصهارا وأنصارا، فمن سبهم فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين، لا يقبل الله منه يوم القيامة صرفا ولا عدلا)٤٦ واتە: خوای گەورە و شکۆمەند منی هەڵبژاردووە و چەند هاوەڵێکیشی بۆ هەڵبژاردووم وە لە وانیش وەزیر و پشتیوان و خەزورانی بۆ پێکهێناوم، جا هەرکەسێك جنێویان پێبدات نەفرەتی خوا و مەلائکەت و هەموو خەڵکی لێبێت، خوایش لە ڕۆژی دواییدا نە تەوبە و نە فیدیەی لێ قبوڵ نەکات یاخود نە فەرز و نە سوننەتی لێ قبوڵ نەکات.

کەواتە هەر پێغەمبەری خوا (صل الله علیه وسلم)هەواڵی ئەوەی داوە کە لەدوای خۆی کۆمەڵە کەسانێك پەیدا دەبن قسە بە هاوەڵانی بەرێزی دەڵێن و هەوڵ دەدەن ناشیرینیان بکەن و تۆمەتباریان بکەن بۆیە ئەو دوعا قورسەیان لێدەکات وە بۆ ئەوەی موسوڵمانان نەکەونە داو و تەڵەی ئەو جۆرە کەسانەوە بزانن کە تۆمەتبارکردنی هاوەڵانی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و ڕەت کردنەوەی سوننەت ئامانج لێی ڕەتکردنەوەی قورئانیشە چونکە قورئانیش هەر ئەو کۆمەڵە هاوەڵەی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)گەیاندویانە بە دوای خۆیان و ئەوانیش بەو پەڕی ئەمانەتەوە گەیاندویانە هەتا گەیشتۆتە دەستی ئێمە.

ڕەنگە بڵێن ئاخر قورئان لەسەردەمی پێغەمبەردا (صل الله علیه وسلم)نوسرابووەوە و پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)بۆ خۆی نوسەری وەحی هەبوو بەڵام سوننەت لە سەردەمی پێغەمبەردا (صل الله علیه وسلم)نەنوسراوەتەوە بگرە پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)تەنانەت ڕێگەیشی نەداوە کە بنوسرێتەوە بۆ وەڵامی ئەم گومانە زۆرێك لە زانایان لە کۆن و نوێدا ڕونکردنەوەیان داوە هەرچەندە ئەم لەم توێژینەوەیەدا ناچینە ووردەکاری بەرپەرچدانەوەی ئەو گومانانە تەنها لە ڕووی مێژووییەوە قسە دەکەین بەڵام زۆر بە کورتی باسی هەوڵی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان لەنوسینەوە و کۆکردنەوەی سوننەت دەکەم و ئەو مەرجانەی کە زانایان دایناوە بۆ ئەو کەسانەی کە سوننەت دەگێڕنەوە و گێڕدراوەیان لێوەردەگیریت لە دوو خاڵدا

خاڵی یەکەم: هەوڵی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان (خوایان لێ ڕازی بێت) لە پاراستنی سوننەت :

هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان هەوڵی زۆر گەورە و کاریگەریان هەبووە لە پاراستنی سوننەتی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)ئەو هەوڵانەیشیان لە چوارچێوەی بەڕاست گەڕانی پەیمانی خوایە بۆ پاراستنی دینەکەی لە کە دەفەرموێت

(إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)٤٧ واتە: بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و بێگومان هەر ئێمەیش دەی پارێزین.

وە هەروەها دەفەرموێت: (......فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)٤٨

واتە: .....دەی با لەهەر هۆز و دەستەیەك کەسانێکیان شارەزا ببن لە ئاین و لێی تێبگەن و فێری ببن ئەوانیش گەل و هۆزەکانیان تێبگەیەنن هۆشیاریان بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە کاتێك کە گەڕانەوە بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆیان نەڕەنجێنن.

وە هەروەها بەڕاست گەڕانی فەرمودەیەکی پێغەمبەرە (صل الله علیه وسلم)کە دەفەرموێت (نضر الله امرأً سمع مني حديثا فحفظه، حتى يبلغه فرب مبلغ أحفظ له من سامع)٤٩

واتە: خوای گەورە ڕووی کەسێك گەشاوە و جوان بکات کە فەرمودەیەك لەمن دەبیستێت و لەبەری دەکات هەتا دەیگەیەنێت چونکە لەوانەیە کەسێك کە پێی ڕادەگەیەنرێت باشتر لەبەری بکات و پارێزگاری لێبکات لەو کەسەی کە لە منی بیستووە.

ئیمامی سیوطي ٥٠ دەڵێت: ئەم فەرمودەیە متواترە٥١ و پاشان قسەیەکی ئیمامی شافعی دەگوازێتەوە و دەڵێ کە پێغەمبەری خوا (صل الله علیه وسلم)هانی ئەوە دەدات کە گوێ لە فەرمودەکانی بگرن و لەبەری بکەن و بیگەیەنن وەکو خۆی ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)فەرمان ناکات بە شتێك لێوەی بگێڕنەوە و بیگەیەنن ئەگەر ئەوەی فەرمانی پێکردووە نەبێتە بەڵگە لەسەر ئەو کەسەی کە پێی دەگات چونکە لەوەوە یان حەڵاڵی پێدەگات کە دەبێ پەیڕەو بکرێت یان حەرام کە دەبێت لێی دوربکەوینەوە وە یاخود سنورێکە و دەبێت جێبەجێ بکرێت وە یاخود بەخشینی ماڵە و یان ئامۆژگارییە لە دیندا.

پاشان کاتێك کە سەیری ئەو کتێبانە دەکەین کە نوسراون لە بارەی گەڕان بەدوای فەرمودە (الرحلة في طلب الحديث) ئەوانەی کە سەربەخۆ نوسراوە وەکو کتێبی (الرحلة في طلب الحديث للخطيب البغدادي) یا خود ئەو بابەتە لە کتێبەکانی تری کە باسی ژیانی گێڕەرەوانی فەرمودە دەکات دەبینین چۆن هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان گرنگی زۆریان داوە بە فەرمودە و چۆن ماندوو بون لە کۆکردنەوەیدا بە جۆرێك کە سەرسام دەبین لە بیستنی ئەو هەوڵ و ماندوبونەیاندا.

**خاڵی دووەم: مەرجی زانایان بۆ وەرگرتنی فەرمودە لە گێڕەرەوەکان:**

لە کاتێکدا کە تەماشای ئەو مەرجانە دەکەین کە زانایان دایانناوە بۆ وەرگرتنی فەرمودە سەرت سوڕدەمێنێت من لێرەدا تەنها باسی یەك مەرج دەکەم کە ئەویش(الحفظ)ە

(الحفظ هو العلم بالشيء حالاً بعد حال من غير أن يتخلله جهل أو نسيان، ولهذا سمي حفاظ القرآن حفاظاً)٥٢ واتە زانینە بە شت بار و دۆخ لە دوای بار و دۆخ بەبێ ئەوەی نەزانین و بیرچونەوەی تێبکەوێت، بۆیە بە قورئان لەبەرکەران دەوترێت (حفاظ) لەبەرکەران.

بەڕاستی دیاردەی لەبەرکردن دیاردەیەکی تایبەتە بە ئوممەتی ئیسلام لە کاتێکدا تەماشای کتێبەکانی مێژوو و ژیاننامەکان و چینەکان و فقە و حەدیس و ...هتد دەکەین دەبینین کە چۆن موسوڵمانان گرنگی زۆریان داوە بەلەبەرکردن بە شێوازێك کە هیچ گەل و نەتەوەیەك بەو ئەندازەیە گرنگیان پێنەداوە.

بۆ ڕاستی ئەم قسەیە دکتۆر ابراهیم أمین٥٣ دەپرسێت چەند کەس لە جولەکە و گاورەکان تەورات و ئینجیلیان لەبەرکردووە؟ بە واتایەکی تر ئایا لە ماوەی دە سەدەی ڕابردودا کەس هەبووە کە تەورات و ئینجیلی لەبەرکردبێت؟

وەڵامەکەی دیارە کە هیچ کات گاور و جولەکە تەنانەت بیریان لەوەش نەکردووەتەوە کە لەبەری بکەن نەك لەبەریان نەکردووە.

بەڵام ئەگەر بپرسین ئەی چەند لە موسوڵمانان هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە؟ یاخود ژمارەیەکی زۆر لە فەرموددەی لەبەرکردووە؟

وەڵامەکەی زۆر دیارە بەشێوەیەك سەرت سوڕدەمێنێت چونکە ژمارەکە یەکجار زۆرە لە کۆن و نوێدا بە ملیۆنان کەس هەموو قورئان یان ژمارەیەکی زۆر لە فەرمودەیان لەبەرکردووە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئوممەتی ئیسلام بۆ پاراستنی دینەکەیان بە قورئان و سوننەتەوە گرنگی زۆریان داوە بە لەبەرکردنی هەردوکیان بۆ ئەوەی لە دەستکاری و لە بیرچون و لە ناوچون بیپارێزن.

لە کتێبەکانی مێژوودا نمونەی زۆر هەیە کە زانایان چەندە فەرمودەیان لەبەربووە لەوانە ئیمامی أحمدی کوڕی حەنبەل یەك ملیۆن فەرمودەی لەبەر بووە وە هەروەها یحیی ی کوڕی معین بە هەمان شێوە.

بۆیە دەبینین کە کۆی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان زیاتر هانی لەبەرکردنیان دەدا هەتا نوسینەوەی لەم بارەیەشەوە گێڕدراوە زۆرن لەوانە٥٤:

ئەبو نضرة مونزری کوڕی مالك دەڵێ بە ئەبو سعیدی خودریمان ووت کە یەکێکە لە زاناکانی هاوەڵان ئەوەی کە لێتی دەبیستین نەی نوسین؟ ئەویش فەرمووی ئایا دەتانەوێ بیکەنە کتێبەوە؟ پێغەمبەرەکەتان هەرچییەکی پێدەگوتین دەستبەجێ لەبەرمان دەرکرد، جا ئێوەش لەبەری بکەن هەروەکو چۆن ئێمە لەبەرمان دەکرد.

ئیمامی مالك دەڵێ (ابن شهاب تەنها یەك کتێبی پێبوو ئەویش ڕەچەڵەکی گەل و هۆزەکەی تیا نوسرابوو بۆیە ئەوان نەیان دەنوسییەوە، بەڵکو لەبەریان دەکرد، وە هەرکاتێك ئەگەر شتێکیان بنوسیایەتەوە بۆ ئەوە دەینوسییەوە تا لەبەری بکات هەرکاتێك لەبەری بکردایە دەی سڕییەوە)٥٥.

حمیدی کوڕی هلال دەگێڕێتەوە لە ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو موسی ی ئەشعەرییەوە و دەڵێ (ئەبو موسی فەرمودەی بۆ باس دەکردین ئێمەیش هەستاین و نوسیمانەوە ئەویش ووتی ئایا ئەوەی لەمن بیستتان دەینوسنەوە؟ ووتمان بەڵێ، ئەویش ووتی ئەوەی نوسیوتانە بۆم بێنن ئێمەش بۆمان برد و پاشان داوای ئاوی کرد و ئەوەی نوسیبومان شۆردییەوە ئینجا ووتی لەبەری بکەن وەکو چۆن ئێمە لەبەرمان دەرکرد)٥٦.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمەیە هاوەڵانی پێغەمبەر (صل الله علیه وسلم)و شوێنکەوتووە بەڕێزەکانی (خوا لێیان ڕازی بێت) چۆن گرنگییان داوە بە قورئان و بەهەمان شێوەش گرنگییان داوە بە فەرمودەش کە لە سنگییاندا پاراستوویانە پێش ئەوەی لە دووتوێی کتێبدا بیپارێزن بەڵام بەتێپەڕبونی کات و کەم بونەوەی ئەو هیممەتە بەرزە بۆ لەبەرکردن لە نەوەکانی دواتردا بە ناچاری پەنا برا بۆ نوسینەوە جا بۆیە ناکرێت پێوەرێك کەئێستا بەکار بهێنرێت بۆ مرۆڤەکان هەمان پێوەر بەکار بهێنرێت بۆ هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان یان بە واتایەکی تر ناکرێت بەو چاوەی کە تەماشای مرۆڤەکانی لە ئێستادا پێدەکرێت بەهەمان چاو تەماشای هاوەڵان و شوێنکەوتووانی پێبکرێت و بڵێین جا خۆ ئەوانیش مرۆڤ بوون وەکو ئێمە چۆن ئێمە ئێستا ناتوانین ئەو هەموو شتانە لەبەر بکەین ئەوانیش نەیانتوانیوە ئەو هەموو فەرمودەیە لەبەر بکەن، ئەم پێوەرە هەرگیز ڕاست نییە.

## ملخص البحث

منذ بداية ظهور الإسلام بدأت معاداته من قبل أعدائه في المراحل المختلفة للدعوة الإسلامية و بمختلف الأساليب واستمرت الى يومنا هذا.

ففي هذا البحث أحاول أن أذكر هؤلاء الأشخاص والجماعات الذين عادوا الدين الإسلامي وكيفية عداوتهم وخاصة العداوة ضد الرسول (صل الله عليه وسلم)وسنته.

ومن الذين أذكرهم في البداية كفار قريش ومن بعدهم اليهود والمنافقين في المدينة وبعدهم المجوس والشيعة والمستشرقون واسلط الضوء على بدايات ظهور تلك المجموعة التي لا تعتبر السنة مصدرا من مصادر التشريع بل يكتفون بالقرآن –بزعمهم- وأبين خطر هذه الفكرة على الشريعة الإسلامية.

منهج البحث

منهج هذا البحث تأريخي تحليلي توضح تلك المؤامرة ضد الرسول (صل الله عليه وسلم)وسنته في المراحل التأريخية المختلفة للدعوة والدولة الإسلامية.

**أهمية هذا البحث:**

تكمن أهمية هذا البحث أنه في هذه الآونة وفي أيامنا هذا يوجد حملة دعوية تدعو إلى رد سنة الرسول (صل الله عليه وسلم)والإعتماد فقط على القرآن ويظهرون هذه الدعوة بنوع من الحداثة والتجديد في الدين حيث أضلوا به بعض الناس ، وهذا البحث يبين أن هذه الفكرة والدعوة ليست جديدة بل بالعكس قديمة جدا وظهرت في مختلف المراحل وأن علماء الإسلام ردوا عليهم و أفحموهم بالأدلة القاطعة، ويبين أيضا أن الإسلام بلا سنة يعني اسلام بلا رسول (صل الله عليه وسلم)وهذا محال.

والذي أعرف أنه لايوجد بحث تأريخي باللغة الكوردية بهذا الوصف فمن المهم جدا أن يبين البعد التأريخي لهذه القضية الخطيرة.

وهذا البحث تندرج تحت المحور الخامس لمحاور المؤتمر.

## Abstract

Since the emerge of Islam, this religion and its messenger, Prophet Mohammad (pbuh), have ceaselessly been challenged and opposed by different people in different stages and periods.

In this research, some prominent figures and groups who have opposed Islam, Prophet Mohammad, and his traditions in particular via different means, are described. In this regard, the research firstly sheds light on the nonbelievers of Quraish, the Jews of Medina, and the Munafiqin (Hypocrites) and then concentrates on Majus (fire worshipers), Shia, and the Orientalists.

This research is a chronological analytical account which explains the conspiracies conducted by enemies against the Prophet Mohammad and his traditions in different eras of Islamic history.

The current research is an attempt to clarify and meanwhile counteract some newly proposed misconceptions about the Prophet and his traditions. The misconceptions whose proposers call for disregarding prophet's traditions and merely focusing on the holy Quran. This research solidifies that these proposed ideas and misconceptions are not new and have been referred to earlier in different periods of history of Islam and that they have been talked and refuted by Islamic scholars. It furthermore, stresses that excluding prophet's traditions from Islam religion, means ignoring the role and position of Prophet Mohammad in Islam and this seems rather illogical and unconvincing.

The current research is the first written work in Kurdish language which chronologically tackles the abovementioned issue.

## پەراوێزەکان


١.سورەتی النحل ئایەتی ٩٤.

٢.سورەتی الشعراو ئایەتی ٢١٤.

٣.البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي (توفي:٢٥٦هـ) ، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه المعروف بـ (صحيح البخاري)، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، : دار ابن كثير، اليمامة – بيروت، ط/٣، ١٩٨٧، ١٧٨٧/٤، رقم الحديث:٤٤٩٢.

٤.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو پیلانگێڕیانە سەیری هەموو ئەوسەرچاوانەی کە تایبەتمەندن بە ژیاننامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم یاخود کتێبەکانی مێژوو سەردەمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بکە.

٥.سورەتی ص ئایەتی ٤

٦.سورەتی الفرقان ئایەتی ٤-٥.

٧.سورەتی السبأ ئایەتی ٤٣.

٨.سورەتی الحجر ئایەتی ٦

٩.ابن هشام، عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أبو محمد، (توفي: ٢١٣هـ)،السيرة النبوية لابن هشام، تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبد الحفيظ الشلبي، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده، مصر، ط/٢، ١٩٥٥م ،٢٨٩/١.

١٠.هەمان سەرچاوە، ٥٠١/١.

١١.العمري، د. أكرم ضياء العمري، السِّيرةُ النَّبَوِيَّةُ الصَّحيْحَةُ مُحَاوَلَةٌ لِتَطبِيْقِ قَوَاعِدِ المُحَدِّثيْنَ فِيْ نَقْدِ رِوَايَاتِ السِّيْرَةِ النَّبَوِيَّةِ، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ط/٦، ١٩٩٤م، ٢٧٢/١.

١٢.ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي (توفي: ٧٧٤هـ)، السيرة النبوية (من البداية والنهاية لابن كثير)، تحقيق: مصطفى عبد الواحد، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، بلا/ط، ١٩٧٦م،١٤٦/٣.

١٣.ابن قيم، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (توفي: ٧٥١هـ)، زاد المعاد في هدي خير العباد، مؤسسة الرسالة، بيروت - مكتبة المنار الإسلامية، الكويت، ط/٢٧، ١٩٩٤م، ٢٢٣/٣.

١٤.مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، (توفي ٢٦١هـ) الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، دار الجيل، بيروت + دار الأفاق الجديدة . بيروت، بلا/ط، بلا/ت، ١٤/٧، رقم الحديث:٥٨٣٤.

١٥.سورەتی البقره ئایەتی ٦١.

١٦.سورەتی فصلت ئایەتی ٤٢.

١٧.سورەتی الحجر ئایەتی ٩.

١٨.سورەتی الانعام ئایەتی ٣٣

١٩.سورەتی المائدە ئایەتی ٨٢.

٢٠.سورەتی الممتحنه ئایەتی ١٣

٢١.سورەتی المائدە ئایەتی ٥١.

٢٢.سورەتی ئالی عمران ئایەتی ١١٨.

٢٣.التونسي، محمد خليفة التونسي (نسبة إلى قرية تونس في صعيد مصر) (توفي: ١٤٠٨هـ)، الخطر اليهودي بروتوكولات حكماء صهيون، قدم له: عباس محمود العقاد، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان،ط/٤، بلا/ت، ص٣.

٢٤.تركستاني، أبو ماجد أحمد بن عبد القادر تركستاني، نقض الموسوعة اليوسفية، بلا/ط، بلات، ص١٠٥ .

٢٥.سورەتی المائده ئایەتی ٨٢.

٢٦.ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (توفي: ٢٤١هـ)، مسند الإمام أحمد بن حنبل، تحقيق: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط/١، ٢٠٠١م، ٣٤٩/٢٣، رقم الحديث: ١٥١٥٦

٢٧.العمري، د.أكرم ضياء العمري، الاستشراق والقرآن، دار ابن حزم، بيروت-لبنان، ط/١، ٢٠١٣م، ص٧.

٢٨.فتاح، عرفان عبدالحميد فتاح، دراسات في الفكر العربي الإسلامي، دار عمار، عمان، ط/١، ١٩٩١م، ص١١١ .

٢٩.الخطيب، محمد عجاج بن محمد تميم بن صالح بن عبد الله الخطيب، السنة قبل التدوين، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ط/٣، ١٩٨٠م،ص١، المقدمة.

٣٠.عبد الخالق، د.عبدالغني بن محمد عبدالخالق، (توفي: ١٩٨٣م) حجية السنة، دار السعداوي و دار التربية، بلا/ط، بلات، ص٢١.

٣١.سورەتی الحشر ئایەتی ٧.

٣٢.سورەتی النور ئایەتی ٦٣.

٣٣.الحاكم، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه النيسابوري (توفي: ٤٠٥هـ)، المستدرك على الصحيحين، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية – بيروت، ط/١، ١٩٩٠، ١٩٠/١، رقم الحديث، ٣٦٨.

٣٤.ابن ماجة، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني (توفي: ٢٧٣هـ)، سنن ابن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية - فيصل عيسى البابي الحلبي، بلا/ط، بلا/ت، ٦/١، رقم الحديث:١٢، وقال الألباني صحيح.

٣٥.أبو داود، سُلَيْمَان بن الأَشْعَثِ السِّجِسْتَانِيِّ (توفي:٢٧٥هـ)، السُّنَن، دار الفكر – بيروت، بلا/ط، بلا/ت، ٣١٢/٢، رقم الحديث:١٥٦١.

٣٦.البيهقي، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي، (توفي:٤٥٨هـ) ، دلائل النبوة، تحقيق : وثق أصوله وخرج أحاديثه وعلق عليه : الدكتور / عبد المعطى قلعجى، دار الكتب العلمية . ودار الريان للتراث،ط/١، ١٩٨٨م، ٢٥/١.

٣٧.المنذري، الحافظ عبد العظيم بن عبد القوي المنذري (توفي:٦٥٦ هـ)، مختصر سنن أبي داود تحقيق: محمد صبحي بن حسن حلاق (أبو مصعب)، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض،ط/١، ٢٠١٠م، ٤٥٢/١،

٣٨.السيوطي، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (توفي:٩١١هـ)،مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة، ط/٣، ١٩٨٩م، ص١٠.

٣٩.الشافعي، أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (توفي: ٢٠٤هـ)، الرسالة، تحقيق: أحمد شاكر، مكتبه الحلبي، مصر، ط/١، ١٩٤٠م، ص٧٣ فما بعد.

٤٠.سورەتی الٲعراف ئایەتی ١٥٨.

٤١.سورەتی النور ئایەتی ٦٢.

٤٢.سورەتی الٲحزاب ئایەتی ٣٤.

٤٣.السيوطي، المصدر السابق، ص٥ فما بعد.

٤٤.البيهقي،المصدر السابق، ٢٧/١.

٤٥.السيوطي، نفس المصدر، ص٧.

٤٦.سورەتی ئاڵ عمران ئایەتی ١١٠.

٤٧.سورەتی التوبه ئایەتی ١٠٠.

٤٨.الخطيب البغدادي، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (توفي: ٤٦٣هـ)، تاريخ بغداد، تحقيق: الدكتور

بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي – بيروت، ط/١، ٢٠٠٢م، ٥٠٤/٥.

٤٩.الخطيب البغدادي، الكفاية في علم الرواية، تحقيق: أبو عبدالله السورقي و إبراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية - المدينة المنورة، بلا/ط، بلا/ت،ص٤٩.

٥٠.البغدادي، محمد بن عبد الرحمن بن العباس بن عبد الرحمن بن زكريا المخَلِّص (توفي: ٣٩٣هـ)، المخلصيات وأجزاء أخرى، تحقيق: نبيل سعد الدين جرار، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، قطر،ط/١، ٢٠٠٨م،٢٠/٣، وقد خرجه المحقق وقال في تخريجه: وأخرجه الطبراني ١٧/ (٣٤٩) ، وأبونعيم في «الحلية» (٢/ ١١) ، والحاكم (٣/ ٦٣٢) من طريق محمد بن طلحة . وصححه الحاكم، ووافقه الذهبي. وقال الهيثمي (١٠/ ١٧) : فيه من لم أعرفه. وضعفه الألباني في «الضعيفة» (٣٠٣٦) .

٥١.سورةى الحجر ئايەتى ٩

٥٢.سورةى التوبه ئايەتى ١٢٢

٥٣.ابن حنبل، المسند، ٢٢١/٧، رقم الحديث ٤١٥٧.

٥٤.ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُستي (توفي: ٣٥٤هـ)، الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي (توفي: ٧٣٩ هـ)، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط/١، ١٩٨٨م، ٢٦٨/١.

٥٥.مفتاح الجنة في الإحتجاج بالسنة، ص٩.

٥٦.السيوطي، تدريب الراوي في شرح تقريب النووي، تحقيق: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة، بيروت، بلا/ط، بلا/ت، ٦٣٠/٢. لێرةدا دةلَيَت ئةم فةرمودةية لةلايةن ٣٠سي هاوةلَةوة طيَردِراوةتةوة.

٥٧.الجاف، ابراهيم أمين الجاف الشهرزوري البغدادي، مناهج المحدثين في نقد الروايات التأريخية للقرون الهحرية الثلاثة الأولى، دار القلم للنشر والتوزيع، الامارات . دبي، بلا/ط، ٢٠١٤م، ١٥٢/١.

٥٨.هەمان سەرچاوە، ١٥٣/١.

٥٩.الجاف، هەمان سەرچاوە ١٥٥/١.

٦٠.ابن عبد البر، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (المتوفى: ٤٦٣هـ)،جامع بيان العلم وفضله، دراسة وتحقيق: أبو عبد الرحمن فواز أحمد زمرلي، مؤسسة الريان - دار ابن حزم،بيروت، ط/١، ٢٠٠٣م.١٣١/١.

٦١.هەمان سەرچاوە، ١٣٥/١.

## كۆتایی

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەو دەرئەنجامانە دەخەمە ڕوو كە پێی گەیشتوم

١. سوونەتی پێغەمبەری خوا بە كۆڕای گەورە زانایانی موسوڵمانان سەرچاوەی دووەمی یاسادانان (تشريع)ی ئیسلامە پاڵپشت بە كۆمەڵێك لە ئایەتەكانی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و پێویستە لەسەر موسوڵمانان كە پابەند بن پێوەی و هەموو فەرمانەكان و بەرگرییەكانی (الأوامر و النواهي) جێبەجێ بكەن.

٢. بە درێژایی مێژووی ئیسلام و هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (صل الله عليه وسلم)دژایەتی كردنی قورئان و پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم) دەستی پێكردووە جۆرەها پیلانیان لە دژی دارشتووە.

٣. ئامانج لەو دژایەتی و پیلانگێڕیانە ڕەتكردنەوەی ئیسلامە بە قورئان و سوننەتەوە.

٤. هەوڵدان بۆ ناشیرین كردن و تۆمەتباركردنی هاوەڵانی پێغەمبەر (صل الله عليه وسلم) كە گێڕەوەی قورئان و فەرمودەن بەشێكە لەو پیلانگێڕیانەی كە دژ بە ئیسلام گێڕدراوە.

٥. پێویستە لەسەر موسوڵمانان بە ئاگاو چاوكراوە بن شارەزایی باشیان هەبێت لە قورئان و فەرمودە بۆ ئەوەی دووڵی و دڵەڕاوكێ بۆ دروست نەبێت بەرامبەر بە ئاینەكەیان.

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

## لیستی سەرچاوەكان


١. قورئانی پیرۆز

٢. البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي (توفي:٢٥٦هـ) ، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه المعروف بـ (صحيح البخاري)، تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، : دار ابن كثير، اليمامة – بيروت، ط/٣، ١٩٨٧

٣. البغدادي، محمد بن عبد الرحمن بن العباس بن عبد الرحمن بن زكريا المخَلِّص (توفي: ٣٩٣هـ)، المخلصيات وأجزاء أخرى، تحقيق: نبيل سعد الدين جرار، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، قطر،ط/١، ٢٠٠٨م

٤. البيهقي، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي، (توفي:٤٥٨هـ) ، دلائل النبوة، تحقيق : وثق أصوله وخرج أحاديثه وعلق عليه : الدكتور / عبد المعطي قلعجي، دار الكتب العلمية . ودار الريان للتراث،ط/١، ١٩٨٨م

٥. تركستاني، أبو ماجد أحمد بن عبد القادر تركستاني، نقض الموسوعة اليوسفية، بلا/ط، بلات

٦. تونسي، محمد خليفة التونسي (نسبة إلى قرية تونس في صعيد مصر) (توفي: ١٤٠٨هـ)، الخطر اليهودي بروتوكولات حكماء صهيون، قدم له: عباس محمود العقاد، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان،ط/٤، بلا/ت

٧. الجاف، ابراهيم أمين الجاف الشهرزوري البغدادي، مناهج المحدثين في نقد الروايات التأريخية للقرون الهحرية الثلاثة الأولى، دار القلم للنشر والتوزيع، الامارات . دبي، بلا/ط، ٢٠١٤م

٨. الحاكم، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد بن حمدويه النيسابوري (توفي: ٤٠٥هـ)، المستدرك على الصحيحين، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية – بيروت، ط/١

٩. ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُستي (توفي: ٣٥٤هـ)، الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي (توفي: ٧٣٩ هـ)، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط/١، ١٩٨٨م

١٠. ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (توفي: ٢٤١هـ)، مسند الإمام أحمد بن حنبل، تحقيق: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط/١، ٢٠٠١م، ٣٤٩/٢٣

١١.الخطيب البغدادي، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (توفي: ٤٦٣هـ)، تاريخ بغداد، تحقيق: الدكتور بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي – بيروت، ط/١، ٢٠٠٢م

١٢.الخطيب البغدادي، الكفاية في علم الرواية، تحقيق: أبو عبدالله السورقي و إبراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية - المدينة المنورة، بلا/ط، بلا/ت

١٣.الخطيب، محمد عجاج بن محمد تميم بن صالح بن عبد الله الخطيب، السنة قبل التدوين، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ط/٣، ١٩٨٠م

١٤.أبو داود، سُلَيْمَان بن الأَشْعَثِ السِّجِسْتَانِيِّ (توفي:٢٧٥هـ)، السُّنَن، دار الفكر – بيروت، بلا/ط، بلا/ت

١٥.السيوطي، تدريب الراوي في شرح تقريب النووي، تحقيق: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة، بيروت، بلا/ط، بلا/ت

١٦.السيوطي، عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (توفي:٩١١هـ)،مفتاح الجنة في الاحتجاج بالسنة، الجامعة الإسلامية، المدينة المنورة، ط/٣، ١٩٨٩م

١٧.الشافعي، أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (توفي: ٢٠٤هـ)، الرسالة، تحقيق: أحمد شاكر، مكتبه الحلبي، مصر، ط/١، ١٩٤٠م

١٨.ابن عبد البر، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (المتوفى: ٤٦٣هـ)،جامع بيان العلم وفضله، دراسة وتحقيق: أبو عبد الرحمن فواز أحمد زمرلي، مؤسسة الريان - دار ابن حزم،بيروت، ط/١، ٢٠٠٣م

١٩.عبد الخالق، د.عبدالغني بن محمد عبدالخالق، (توفي: ١٩٨٣م) حجية السنة، دار السعداوي و دار التربية، بلا/ط، بلات

٢٠.العمري، الاستشراق والقرآن، دار ابن حزم، بيروت-لبنان، ط/١، ٢٠١٣م

٢١.العمري، د. أكرم ضياء العمري، السِّيرةُ النَّبَوِيَّةُ الصَّحِيْحَةُ مُحَاوَلَةٌ لِتَطبِيْقِ قَوَاعِدِ المُحَدِّثيْنَ فِيْ نَقْدِ رِوَايَاتِ السِّيْرَةِ النَّبَوِيَّةِ، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ط/٦، ١٩٩٤م

٢٢.فتاح، عرفان عبدالحميد فتاح، دراسات في الفكر العربي الإسلامي، دار عمار، عمان، ط/١، ١٩٩١م

٢٣.ابن قيم، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (توفي: ٧٥١هـ)، زاد المعاد في هدي خير العباد، مؤسسة الرسالة، بيروت - مكتبة المنار الإسلامية، الكويت، ط/٢٧، ١٩٩٤م

٢٤.ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي (توفي: ٧٧٤هـ)، السيرة النبوية (من البداية والنهاية لابن كثير)، تحقيق: مصطفى عبد الواحد، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، بلا/ط، ١٩٧٦م

٢٥.مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، (توفي ٢٦١هـ) الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، دار الجيل، بيروت + دار الأفاق الجديدة . بيروت، بلا/ط، بلا/ت، ١٤/٧

٢٦.ابن ماجة، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني (توفي: ٢٧٣هـ)، سنن ابن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية - فيصل عيسى البابي الحلبي، بلا/ط، بلا/ت

٢٧.المنذري، الحافظ عبد العظيم بن عبد القوي المنذري (توفي:٦٥٦ هـ)، مختصر سنن أبي داود تحقيق: محمد صبحي بن حسن حلاق (أبو مصعب)، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض،ط/١، ٢٠١٠م

٢٨.ابن هشام، عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري المعافري، أبو محمد، (توفي: ٢١٣هـ)،السيرة النبوية لابن هشام، تحقيق: مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبد الحفيظ الشلبي، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده، مصر، ط/٢، ١٩٥٥م